

خستنه سەر نێت:- چالاک

chalakmuhamad@gmail.com

...ت و

ژان لە دایک بوونێکی نوێ

# پێشەکی

پێم وایە کاتی ئەوە هاتووە هەناسەیەکمان بەبەرا بێتەوە. کاتی ئەوە هاتووە کەمێ بوەستین و سەرنجێکی ڕەخنە گرانە لەخۆمان بدەین . خۆمان وەك کۆمەل ، وەك پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی ، وەك خێزان . وەك ڕەوشت . وەك ژیانی ڕۆژانە .

با بانگەوازی ویژدان ببیستین و با بەتەنگ کۆمەڵەکەمانەوە بێین با دەستی زانست و بیرچاکی درێژکەین و لەجێی شیرازەی ڕووخاو شیرازەیەکی دیکەی پتەو دارێژین .

با هەریەکێکمان لەناو ماڵی خۆیدا بەبارتەقای حەقیقەت و ڕاستی چاوی بکاتەوەو سەیری ئەو (مەخلوقە) بەستەزمانە بکا . کەپێی دەگوترێ : ئافرەت . . ئەو ( زەعیفە ) یەی کەدەشێ دایکی بێ ، یان خوشکی ، یان هاوسەری . یا . یا . هتد .

× × ×

ڕەنگە هەندێکتان بەدەم زەردەخەنەی کاڵتەوە بڵێن : جا ئافرەت چییەتی ؟ بەتایبەتی ئەمڕۆ . ئەم سەردەمە ؟! ئەوە نیە ئازادە ، بێ پەچەو عەبایە ، شارلستۆن لەپێیە ، بەپێی دوا مۆدێلی ڕۆژوسات و سانیە قژەکانی لوول دەکا !

خوێندەوارە ( شەبەکەو مەوعیدو حەوا ) دەخوێنێتەوە !! خاوەن وەزیفەو کارە . بەکۆشكو قەمەرە نەبێ شوو ناکا !! . هتد هتد کارەساتەکە لێرەدایە !!

ئەو ( زەعیفە ) بەسەزمانەی لەوبەری ( دیلێتی ) خۆیدا خۆی بەئازاد دەزانێ ؟ بەرەڵایی‌و خۆ هەراج کردن ، بەرزگار بوون‌و کۆت پچراندن دادەنێ !!

چوونە ناوچاڵی چارە ڕەشی ، بەگەیشتن بەترۆپکی تەماکانی تێدەگا ! لەوێژدانتان دەپرسم ؟

چ ماڵێك هەیە مەئساتی ئافرەتێك یا چەند ئافرەتێکی لەناو چوار دیواری خۆیدا حەشار نەدابێ ؟

یان ئەوەتا کچێك بەپێوانەی کۆمەل نەمەنی - سەری کردووە- ئیدی کەس نایخوازێ ، ببورن ( نایکڕێ ) .

یان ئەوەتا کچێك بەهۆی ڕووداوێکی ڕۆژانەو ڕێکەوتێکەوە ( لەکەدار ) بووەو کەس ( نایەوێ ) ؟

یان ژنێك لەسەرەتاوە شووی بەپیاوەکە نەکردووەو بە (پارە) کەی کردووە ، ئێستاش ئەوە ڕوودەدا کەچارنیە دەبێ ڕووبدا؟ یان ئەوەتا دڵێك ( پارە ) کڕیوێتی‌و ژێرپێ دراوە ، یان دڵێك شەیدای ( بێ‌پارە ) یەکەو ڕەنجەڕۆ کراوە ؟

یان کچێکی ساویلکەی منداڵ کەلەکۆمەڵەکەیو دەورو بەرەکەی

جگە لەوشەی ( حەزی لێ کرد ، ماچی کرد ، شووی کرد ) بەولاوە هێچی تر فێر نەبووەو ئەویش پێی هەڵخلیسکاوەو خۆی بە پەلێك دا داوە ؟ یان : فلانە کچ ئابڕووی تکاوە .. فلانە ژن کوژراوە . فلانە سەربڕدراوە . هتد .

ئەمە ئەگەر مەسەلەکە وەك مەسەلەیەکی تایبەتی بە ئافرەتەوە وەرگرین . بەڵام ، بێگومان ، کارلەوە بەولاوە ترە .

مەسەلەی ئافرەت : مەسەلەی کۆمەڵە . مەسەلەی ژیانە . مەسەلەی مانەوەی توخمی ئینسان و دروست بوونی نەوەکانە .

بەکورتی مەسەلەی ژیان و پاشەڕۆژی نەتەوەیە .

خۆ ئەگەر تا ئێستا ئێمە بەگەرمی بیرمان لەم مەسەلەیە نەکردبێتە وە ، ڕەنگە لەبەرئەوە بێ کە کێروگرفتەکە هێندەی ئەمڕۆ سەخت و کاریگەر نەبووە .. یان کێروگرفتی سەختترو کاریگەرتر لەگۆڕێ بووە . ڕەنگە لەبەرئەوەش بێ کە هێشتا بەرچاوی خۆمان نابینین هێشتا نەخوێندەوارو مێشك پەڕپووتین .

هەرگیز قسەیەکی هاوڕێیەکی خۆشەویستم لەبیرناچێتەوە کە لەباسی - نەخوێندەواری - دا گوتی :

( ئەگەر وولاتێك لەسەدا حەفتاوپێنجی دانیشتوانی نەخوێندەوار بن ، ئەوا لەسەدا بیست و پێنج خوێندەوارەکەشی هەر نەخوێندە-وارن ! ) بەڵێ : خوێندەوارەکانیش یان زۆربەی خوێندەوارەکانیش

هەربەناو خوێندەوارن . ئەگینا بیرکردنەوەیان ، تێگەیشتنیان ، هەڵسو کەوتیان ، هەر بیرکردنەوەو تێـــگەیشتن و هەڵسو کەوتی نەخوێندەوارەکانە ! جاهیلانەیەو جاهیلانە ) .

ئێمە ( دروست بوون ) مان دەوێ بەڵام بیر لەو شتە وردانە ناکەینەوە کەبنیاتە گشتییەکە پێك دەهێنن . ئەو کەلێنـە وردو درشتانە پڕناکەینەوە کەڕێگای ئەودروست بوونە دەگرن . ڕەنگە بەئاسانیش هەریەکە لەشوێنی خۆمانەوە بتوانین ئەم کارە یان بڕێك لەم کارە ئەنجام بدەین . چونکە زۆر لەو کەلێنانە لەهەڵسو کەوت وبیرکردنەوەی خۆماندا حەشار دراون .

ئەمە لێکدانەوەیەکی میسالییانە نیە . بەڵکو بانگەوازێکە بۆ هۆش . بۆبیرکردنەوە ، بۆ ( وەعی ) بۆچاو کردنەوەو بیرفراوانی .

ئێمە دەزانین کۆمەڵ ، دەسەڵات و بیرو باوەڕو یاساو نەریتی باو ) سەرچاوەی هەموو ناگۆڕی یەکی کۆمەڵایەتی یە . تا سەر چاوەش نەگۆڕێ ، جۆگەلەکان هەروەك خۆیان دەمێننەوە

بەڵام توانستی مرۆڤ بێ پایانە . هەرکاتێ هۆشـی کرایەوەو بەرژەوەندی خۆی زانی دەتوانێ ! بەبەد بڵێ : نەء . بەباشیش بڵێ : بەڵێ . دەتوانێ ( گۆڕین ) بەرپابکا . ئەگەرچی ئەم گۆڕینەش لەسەرەتایەکی بچووکەوە ، بەخۆی دەست پێ بکا .

× × ×

با لەسەرەتاوە دان بەوەدا بنێین کەگیرو گرفتی ( ئافرەت ) بۆتە گیروگرفتێکی کۆمەڵایەتی گەورەو هەڕەشە لەشیرازەی کۆمەڵەکەمان دەکا .

دەسا با لەخۆمان بپرسین : ئەگەر ئەو کچە مێشك بەتاڵو رواڵەت پەرستانەی کۆمەڵی ئەمڕۆ دروستیان دەکا ، ببنە دایكو پەروەردەکاری نەوەکانی سبەینێ ، دەبێ ئەوانەوانەمان چۆن بن و چیان لێ دەرچێ ؟!

بەدڵنیاییەوە هاتنی ئەم مەسەلەیە ئۆباڵێکە لەئەستۆی هەموو ئەندامێکی کۆمەڵەکەمان بەژنو پیاوەوە . . دیارە دەبێ ئەرکی دەس پێشخەریو دۆزینەوەی چارەسەری زانستیانە بکەوێتە سەر شانی رۆشنبیرەکانمان . دەبێ ئەوان هەوڵ بدەن بنجو بناوانی مەسەلەکە بدۆزنەوەو بەشێوەیەکی زانستی شی بکەنەوە .

× × ×

بەراستی زۆر شادمان بووم کەئەم لێکۆڵینەوە بەپێزەی کاك ( هەڤاڵ کوێستانی ) م خوێندەوە . لەدڵی خۆمدا هاوارم کرد : ئۆخەی ، ئەوا ئەوگەنجە دڵسۆزە رووناك بیرانەمان تێدا هەڵکەوتن کەنەك تەنها بیر لەکۆمەڵەکەیانو گیرو گرفتە زلەکانی دەکەنەوە . بەڵکو بەدوای پێشینەو هۆو ، چارە سەری زانستیانەشدا دەگەڕێن . ( ژانی لەدایك بوونێکی نوێ ) ژانێکی راستەقینەیە . لە

تێگەیشتن‌و لەنزیکەوە ناسین‌و ئازار چەشتنی برینـــە گەورەکانی کۆمەڵەوە لەدایك بووەو ، بەدوای لەدایك بوونێکی تازەدا دەگەڕێ لەدایك بوونێکی تازەی ئافرەت ، واتە لەدایك بوونێکی تـازەی هەموو کۆمەڵ .

ئافرەت چەوساوەیە . ئەمە ئەو واقیعە تاڵەیـە کەکاك هەڤاڵ لێیەوە دەست پێ دەکاو پشت بەهەندێ سەرچاوەی زانستیـــانەو پێشکەوتن خوازانە لێی دەکۆڵێتەوە .

زانستێتی‌و مەوزوعییەتی باسەکە لەوەدایە کە هەڤاڵ مەسەلەی ئافرەتی وەك مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی خستۆتـە ڕوو - وبەدوای ڕەگو ڕیشە مێژوویی‌و ئابوورییەکانیدا گەڕاوە . سەرەتا گەڕانەوەیە بۆ دوواوە - گەڕانەوە بەسەر بەردەبازی قۆناغە مێژووییەکاندا بۆ سەردەمی کۆمۆنیزمی سەرەتایی - بۆئەو ساتانەی کەئافرەت تەنها دایك نەبوو ، بەڵکو سەروەری کۆمەڵیش بوو، ئای بۆئەوساتانە...!

بەڵام زۆری نەخایاند لەناو منداڵانی - مڵکداریتی تایبەتیدا - دێوەزمە ڕەشەکە - لەدایك بوو ، دێوەزمەی چەوساندنەوە .

ئەمە ئەو لەحزەیە بوو کەبۆیەکەمجار وترا : ئەوە هـی منە ، موڵکی منە تۆش کۆیلەی منی !!

ئەم سەرەتایە پێی گرت ، گەورەبوو ، بوو بەخاوەن چنگ و نینۆکی خوێنین . هەتا لەکۆمەڵی ژەهـــراوی سەرمایـەداری و

بۆرژوازیدا هەموو شتێك بوو بەملك ، بەپارە ، بەسامان ، بە کەلوپەل .

ئافرەتیش بوو بەیەکێك لەو کەلوپەلە نایابانە کە بریقو باقو درەوشانەوەکەی لەجامخانەکانی ـ سوپەرمارکێتەکان ـ و فلیمەکانی ـ هۆلیوود ـ دا سەرنجی هەموو ئافرەتانی ساکاری وولاتانی دواکەوتووی ڕاکێشا . ئای ئافرەتی ئەورووپی چەند ئازادە !! ئازادی کارو ، ئازادی دەنگو ڕەنگو جوانی !!

لەکۆمەڵێکدا کەکارو دەنگو ئازادیو جوانی ، هەمووی لەژێر دەسەڵاتی چینی چەوسێنەردایەو خزمەتی ئەودەکات . چینی خاوەن سامانو سەرمایەو کۆمپانیاو چەکو تفاقو سووپاو داموو دەزگای پروپاگاندەو . . هەموو دەسەڵاتێك !! تۆش ئازادی پربەدەنگت بقیژێنی ، یان جوێن بدەی ، بەڵام بەچ دەچێ مادام دەنگتوەك جامی مسیش زرنگانەوەی نیە . . چونکە نە پارەت هەیە ، نە دەسەڵات !

لێرەوە ئازادی ئافرەت بوو بەئازادی لەشی ئافرەت . ئازادی خۆفرۆشتن ، ئازادی بوون بەکەلوپەلو خۆڕازاندنەوە بەپێی کەتەلۆکەکانی ( تیئاتر ) و گۆڤارو ڕۆژنامەکانی سێکسی . وەکو هەموو کەلوپەلێکی دەگمەنو نایاب ، تا بازاری زیاتر بێ .

لێرەدایە بەرزترین بایەخی مرۆڤایەتی کەخۆشەویستیە دەمری

ئافرەت دەبێتە ژەمە خواردن .. ئەوسا جوانیش دادی نادا ..
چونکە خۆشترین ژەمە خواردنیش کەمرۆڤ لێی تێربوو وەلای
دەنێ !! لەهەرشوێنێکیش برسی بوو لە ( خواردن ) قسوور ناکا !
ئەمەیە بەرهەمی ئازادی کۆمەڵی داتەپیوی سەرمایەداری . ڕەگی
ئەم کارەساتەش ، وەك کاك هەڤاڵ ڕوونی کردۆتەوە .
ملکداریتی تایبەتی یە . بۆیە :

[ تا ملکداریتی بمێنێ ئافرەت هەر لەژێر ڕکێفی پیاودادەبێ
وناشکات بەمافی یەکسانێ ]

کەواتە : چارچیە ؟؟ چار دامەزراندنی کۆمەڵێکی نوێیە ،
کۆمەڵی سۆشیالیزم . چونکە ( هەوڵدان لەپێناوی ڕزگاری ئافرەت
دا ، بەشێکی نەپچڕاوە لەتێکۆشان لەپێناوی سۆشیالیزم ، لەپێناوی
پەیوەندی کۆمەڵایەتی نوێو لەپێناوی کۆمەڵگایەکی بێچینی دا ) .

وەنەبێ ڕزگارکردنی ئافرەت لەچوارچێوەی خەباتکردنی لە
پێناو سۆشیالیزمدا ، تەنها ڕزگارکردنی ئافرەت بێو بەس ، بەڵکو
ڕزگارکردنی هەموو کۆمەڵە ( ڕزگاری پیاویشە لەهەموو پاشماوەیکی کۆنو بیروباوەڕی کەندو تێڕوانینی نزمی ئافرەت ) .

ئازادبوونی ئافرەت لەوساتەوە دەست پێدەکات کەخۆی ئەم
حەقیقەتە دەرك پێدەکاتو ئیلهامی تێکۆشانی لێوەردەگرێت ..
لەوساتەوە دەست پێدەکات کەهۆشیارانەو پڕبەپێستی نرخی ئینسانی

خۆی وەك مرۆڤێکی خاوەن دەست‌و چاوو هۆش‌و ، سۆزو عاتیفەو هیواو کەرامەت ، بەشداری یەکی ئازایانەو کاریگەرانە لەشۆڕشی نیشتمانیدا دەکات ، هەروەکو چۆن ئافرەتانی گەلانی جەزائیرو کۆباو ڤیتنام‌و چین کردویانە .

هەڤال ئەوڕاستیە ڕوون دەکاتەوە کەهەموو ( شـــۆڕشێك ) شۆڕش ڕاستەقینە نیە .. ئەوشۆڕشە نیە کەئازادی مـرۆڤ بە ژن‌و پیاوەوە دابین دەکات ـ چونکە (شۆڕشی دیموکراتی بۆرژوا وهیچ شۆڕشێکی تری بۆرژوا نەیتوانیوە چارەسەری مەسەلەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بکات ) .

شۆڕشی ڕاستەقینە ـ شۆڕشی چینەکانی ژێرەوەیە ، شۆڕشی ڕەش‌و ڕووت‌و چەوساوەکانە ، لەپێناوی بنیـــاتنانی سۆشیالیزمی زانستیدا ،

× × ×

ئەم ژێرخانە ئابووری یەی لەکۆمەڵگای دەرەبەگایەتی‌و بۆرژوازیدا لەسەر بناغەی چەوساندنەوەی مرۆڤ خۆی دادەڕێژێ ، بەتوندی بۆ ( سەرخان ) یش درێژ دەبێتەوەو لە ئایدیولوژی کـۆمەڵگادا خۆی دەنوێنێ . . هەموو باوەڕو یاساو ڕێو ڕەسم‌و نەریت‌و پرۆگرامەکانی خوێندن‌و بابەتەکانی ڕۆشنبیری باو خزمەتی ئەوژێرخانە دەکەن‌و بۆمانەوەی تێدە کۆشن .

بەسووك سەیركردنی ئافرەت و دەوری ئافرەتیش لەكۆمەڵدا لایەنێكە لەلایەنەكانی ئایدیۆلۆژیەتی چینە چەوسێنەرەكان بەتایبەتی چینی بورژوا .

نەگبەتییەكەش لەوەدایە كەهەمیشە بیركردنەوەی چینی دەسەڵاتدار دەبێتە بیركردنەوەی ( باو ) ی هەموو كۆمەڵ و باوەڕو بۆچوونەكانی دەبنە ( یاسا ) ی كارپێكراو . . ئیرەوە ئەو جیاوازییە دەسكردانەی لەنێوان ژن و پیاودا دروست كراون ، بە تێپەڕبوونی ڕۆژگارو لەگەڵ مانەوەی دەسەڵاتی بۆرژوادا ، دەبنە شتێكی سروشتی و بەڵگە نەویست و لە پەروەردە كردنی خێزان و هەڵوێستی خێزان و كۆمەڵ بەرامبەر بەكچ . هەرلەیەكەم ڕۆژی لەدایك بوونیەوە ڕەنگ دەدەنەوە .

هەر لەساڵانی یەكەمی بوونیەوە هەر چواردەوری بەهەستی بێزاری و ڕەفتاری داپەڵۆسانەوە دەتەنرێ . [ هەڤاڵ ] زۆرنموونەی بەهێزو بەرچاوی ئەوجیاوازیانە دێنێتەوەو ، . دەری دەخا كە ( ئەم جیاوازیە كارتۆنیانەش تێكەڵ بەبیرو هۆش و دەروونمان بوون و لەگەڵماندا گەورە بوون و لامان بووە بەجیاوازی سروشتی و خوا كرد ) .

بەڵام ڕەشترین ڕووی ئەم كارەساتە ئەوەیە كەئافرەت خۆشی وای لێدێ باوەڕ بەم جیاوازیانە بكاو لەو چوارچێوەدا خۆی بەند

بکات .

ژیان لەسێبەری پیاودا ، لەپێناوی پیاودا ، بۆپیاو ـ ئەمەئەو ناکامەیە کەئافرەت لەحەقیقەتی واقیعی چەوساندنەوەکەیدا پێی دەکا !! شووکردن دەبێتە یەکەم ئامانجو دوا ئامانجو زۆرشتی تری بەقوربان دەکرێ . ، مکیاجو خۆ رازاندنەوە دەست پێ دەکا ، بەختو شانس رۆژی دەیان جار هانای بۆدەبردرێ .

لێرەوە ـ هەڤاڵ ـ چەند لاپەڕەیەکیش بۆلێکدانەوەی خۆشەویستیو مەسەلەی شووکردنو ژن هێنان تەرخان دەکا .

خۆشەویستی راستەقینە ـ حەزلێکردنو سۆز گوڕینەوەیەکی هەرزەکارانە نیە .

زۆرترینی ئەو کچو کوڕانەی لەئەنجامی ( خۆشەویستی ) و حەزێکی هەرزەکارانەوە دەبنە هاوسەری یەکتر ، هەربەماوەیەکی کەم دوای پێکەوە ژیانیان بێزاری دایان دەگرێو سکاڵا لەدەست یەکتری دەکەن . . چونکە ( ئارەزۆکان ) دادەمرکێنەوەو ئەو کۆشکانەی لەهەوادا دروست دەکران هەرەس دێنن . نە کچەکە ئەو ( فریشتە ) شۆخەیە کەپەنجەیەکی هەموو دنیای دێنا ، نە کوڕەکەش ئەو ( سوپەرمانە ) قۆزەیە کەبەلای کچەکەوە وابوو بەهەشتێکی ئەبەدیی بۆدروست دەکات .

هۆی سەرەکی سەرنەگرتنی ژیانی ژنو مێرد ، ئەودیوارەیە کە

کۆمەڵ دەیخاتە نێوان پێک گەیشتنو لەیەک گەیشتنی کچان و کوڕان لەیەکتری ، لەلایەکەوەو ، زاڵ بوونی بایەخ و پێوانەی بۆرژوازییانەی باو لەشووکردنو ژن هێناندا لەلایەکی ترەوە .

ژیانی هاوسەری لەسەر بناغەیە دروست نابێ کەژنەکە ( هەموو بوونی خۆی ) بەپیاو ببەخشێو ، پیاوەکەش ( هەموو بوونی خۆی ) بۆژنەکە تەرخان کا . بەڵکو دەبێ - بیروباوەڕ - بەیەکیانەوە ببەستێتەوە . واتە دەبێ هیواو مەبەستێک هەبێ لە هەردووکیان گەورەتر . . هەردووکیان خۆی بۆتەرخان کەن .

ژیان نەژنە بەتەنیاو ، نەپیاوە بەتەنیا . نەهەردووکیشیانە بەیەکەوە !! ژیان لەدەرەوەی هەردوکیان دایە : لەکۆمەڵدا ، لەکار کردنو خەباتی کۆمەڵایەتیداو . تەنها ئەوسانە ژنو مێردیش دەبنە بەشێک لەژیان کەچالاکانە بەشداری لەوکار کردنو خەباتە کۆمەڵایەتییەدا دەکەن . بەڵام ساکارترینو بۆشترینو هیچو پووچترین ژیانی ژنو مێرد ، ئەوجۆرە ژیانەیە کەخۆی بەپارەو سامانەوە دەبەستێتەوە .

هەندێ ژن هەن ئەوسانە هەست بە بەختەوەری دەکەن کە وەرتەیەک ، کورسییەک ، مەلاجەیەک یان هەر نەبێ قاپو کوچکیکیان لەماڵی دراوسێکەیان ، یان ماڵەکانی گەرەکەکەیان زیاتر هەبێ . ! دیارە ئەوجۆرە ژنانە پێویستییان بە ( بەزەیی ) هەیە

چونکە مێشك بەتاڵن وهیچ لەماناى ژیان تێ ناگەن .

پارەو سامان تا ئەو رادەیە نرخى هەیە کەبەشێوەیەکى رەواو پاکدەستانە بێتەدەستو خزمەتى ژیانى مرۆڤ بکا ، نەك مرۆڤ بەدواى ئەودا هەڵپە بکاو ببێتە کۆیلەى پارەو کەرامەتو مرۆڤایەتى خۆى لەدەست بدا . بەڵام لەکۆمەڵى گومڕاى بۆرژوازیدا پارەو سامان - خۆى لەخۆیدا دەبێتە مەبەست . ئەم مەبەستەش لەهەموو لایەنەکانى ژیانو رەفتارو هەڵسو کەوتو پەیوەندییەکانى کۆمەلایەتیدا خۆى دەنوێنێ .

لێرەوە مرۆڤى نموونەیى دەبێتە مرۆڤى دەولەمەند .. با ئەم مرۆڤە دەولەمەندە خۆپەرستو چاوچنۆكو کەرامەت فرۆشیش بێت هەربەم پێیە ، خۆشەویستیش لەبازارى کڕینو فرۆشتندا هەراج دەکرێت .

کەواتە جارێکى تر ئەوراستیە خۆى دەردەخاتەوە کەتەنانەت خۆشەویستى راستەقینەش لەکۆمەڵى بۆرژوازیداو لەژێر سایەى ئایدیولۆژیەتو یاساو رێو رەسمى ئەو کۆمەڵەدا ناشێ بەدى بێت .

ژیانى پڕلەخۆشەویستى ئەوژیانەیە کەپڕە لەمرۆڤایەتى هەستى مرۆڤایەتیش ژیانى مرۆڤ دادەگرێت ئەگەر بیر لەژانو تاسەو ئاواتى هەموو ئەندامانى بەشخوراووچەوساوەى کۆمەڵەکەى نەکاتەوە

ولەپێناوی دابین کردنی ژیانێکی بەرزو بێ چەوسانەوەدا تێ ئەکۆشێت

× × ×

هەڤاڵ - لەسەرانسەری لێکۆڵینەوەکەیدا ڕێبازێکی زانستیا - نەی گرتۆتە بەر کەلەسێ هەنگاودا خۆی دەنوێنێ :

١ - بەرچاوخستنی واقیع و چۆنیەتی گیرو گرفتەکان .

٢ - گەرانێکی وردو زانستانە بەشوێن هۆکاندا .

٣ - دۆزینەوەی ڕێبازو چارەسەری زانستیانەو شۆڕشگێڕانە.

دیارە ئەم باسانە ئەگەر هەموو ڕووەکانو وردو مەزنیەکانیان - تفصیلات - شی بکرێنەوەو نموونەیان بۆبهێنرێتەوە ، پێویستیان بەلێکدانەوەو لەسەر ڕۆیشتنی زیاتر هەیـــە بەلام هەڤاڵ لەوەدا سەرکەوتووە کەناوەڕۆکی جەوهەری و چوارچێوەی کشتی مەسەلەی ئافرەتی بەشێوەیەکی ڕوونو زمانێکی سادەو دروست پێشکەش کردووین .

پیرۆزبایی ئەم بەرهەمە بەنرخەی لێ دەکەمو هیوای سەرکەوتنی زیاتری بۆدەخوازم .

کەمال مەمەند میراودەلی

سلێمانی — ١٩٧٩/٢/٢٠

## بەشی یەکەم

# گەرانەوەیەک بەرەو سەرەتا

کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێش ئەوەی بگاتە ئەم قۆناغەی ئێستای بەگەلێ قۆناغی جیا جیادا رەت بووە .. هۆی سەرەکیش لەم گەشە کردنەی کۆمەڵو گواستنەوەی لەقۆناغێکەوە بۆقۆناغێکی کە ، بە شێوەیەکی راستەوخۆ دەگەرێتەوە بۆگەشەکردنی هێزەکانی بەرهەم هێنان . واتە گەشەکردنی ئەو ئامرازانەی کەمرۆڤ بەکاری هێناون لەو دەست هێنانو بەرهەم هێنانی پێویستیەکانی ژیانیداو .. گەشە کردنو پێشکەوتنی بیرو شارەزایی مرۆڤ لە هەڵسورانو بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەدا .

لەهەر قۆناغێکیش لەقۆناغەکانی گۆڕاندا پەیوەندی کۆمەڵایەتی جیاو تایبەتی بەو قۆناغەو بەوگەشە کردنەی هێـــزەکانی بەرهەم هێنان ، سەری هەڵداوە .

یەکەم قۆناخی مێژوویی لەقۆناخەکانی گەشەکردنی کۆمەڵدا ، کۆمۆنیزمی سەرەتایی یە  ئەوەی ئەم قۆناخە لەهەموو قۆناخەکانی تر جیادەکاتەوە نەبوونی چەوسـانەوەی مرۆڤە لەلایـەن مرۆڤی ترەوە .. بوونی چەوساندنەوە لەم قۆناخەدا کارێـکی مەحال بووە ، لەبەرئەوەی لەتواناای مرۆڤدا نەبووە لەپێویستیەکانی ژیانی رۆژانـ ـەی خۆی پتر بەرهەم بێنێ . سەرەڕای ئەمەش کارکردنیش لە نێوان ئەندامەکانی هەرخێڵێکدا ، بەشێوەیەکی مرۆڤانە بەگوێرەی توانا دابەش کراوە . هەربۆیەش هەموو کەسێک (ئافرەت و پیاو) وەکو یەک و بێ بوونی هیچ جیاوازی یەک سوودیان لەبەرو بوومەـ کانی سروشت وەردەگرت کەدەڵێین کارو فرمان بەبێ جیـاوازی لەنێوانی ئەندامەکانی هەرخێڵێکدا دابەش کـــراوە ، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کەلەنێو هەر خێڵـێکدا مرۆڤی بەهێـزو مرۆڤی لاواز نەبووە .  نەخێر ، لەهەر خێڵێکدا هەبووە تواناای لەهی تر زۆرتر بووە . بەڵام هیچ کاتێ بەهێـزەکان هەوڵی خۆ سەپاندن و دەست بەسەرا گرتنی هاوڕێکانیان نەداوە . بەواتایـەکی تر ، بوونی بێ هێزێک لەگەڵ بەهێزێکدا ، نەبۆتە هۆی چەوساندنەوە .

هەر لەم قۆناخەشدا بووە ، بەڕای ( باخۆفن ) کەئافـــرەت کەیووەتە پلەی ( جینیۆکراتیە ) ی تەواو ، ئەمەش کەڕاوەتەوە بۆئەوەی کەئافرەت دایكو بەرهەم هێنەری نەوەی نوێ بووە (۱)

لەم قۆناخەدا دایك بناغەی پتەوی بوونی هەرخێڵو تیرەیەك بووە منالەکان بۆئەم دەگەڕانەوەو بەهۆی ئەمەوە دەناسرانەوە . . ئەمە وای لەئافرەت کردبوو کەپلەیەکی لەپیاو بەرزتری هەبێو لەناو هەرخێڵو تیرەیەکیشدا زیاتر ڕێزی لیٚ بگیرێ .

ئەوەش کەزیاتر پێشەوایەتی خستبووە دەست ئافرەتەوە سەرەرای ئەوەی کە بەرهەم هێنەری نەوەی نوێ بوو ، ئەوەبوو ئەو کارەش کەپێی هەڵدەستا لەکۆکردنەوەو وەدەست هێنانی میوەجات دا ، لەهەموو کەشەکانی سالدا داهاتێکی بەردەوام بوو ئەوە لەکاتێکا بەرهەمی پیاو لەراوو شـــکارا زیاتر بەرێکەوتەوە بەسترابووەوە ، . بێ گومان هـــۆکانی بەرهەم هێنانی ئەوکاتەش زیاتر ئەم کارەی ئافرەتیان مەزن دەکرد .

ئەوگەشەکردنەی کەلەدواییدا لەهێزی بەرهەم هێنانی کۆمەڵدا رووی دا ، لەئەنجامی گەشە کردنو پێشکەوتنی بەرهەم هێنانەوەو دوای دۆزینەوەی ئامرازی تازەی ترو پەیدا بوونی مالات بەخێو

(۱) ئامادەکردنو وەرگێرانی جورج طرابیشی ( المرأة فی التراث الاشتراکیة ) ل٤٧

کردنو سەرهەڵدانی کشتوکاڵو بەکارهێنانی میتاڵەکان .. هەموو بوونە هۆی ئەوەی کەگۆڕان لە پەیوەندییەکانی بەرهەم هێناندا ڕووبداتو کۆمۆنیزمی سەرەتایی بەرەو هەڵوەشاندنەوە بچێو خێڵو تیرەکانیش دابەش بوونیان تیدا دروست ببێ .

ئەمەو پەیدا بوونی شەڕو شۆڕو دەرکەوتی بەدیل گیراوو کردنیان بەکویلەو بەبەشێك لەهێزەکانی بەرهەم هێنانی خۆیاندا ، بووبەهۆی ئەوەی کەیەکەم دابەش کردنی کۆمەڵایەتی گەورە لە کارو فرمانا ڕووبدات ویەکەم دابەش کردنی کۆمەڵ بۆدووچین ، چینی گەورەکانو چینی کۆیلەکان دەست پێ بکات بەم جۆرە ڕژێمی کۆیلایەتی سەری هەڵداو لەگەڵ سەرهەڵدانیشیا نایەکسانی لەنێوانی ئەندامەکانی کۆمەڵدا چەکەرەی کرد ..

نایەکسانییەکیش بەپلەی یەکەم لەنێوانی ئافرەتو پیاودا وەدەردەکەوت ، ئەمە وای لەئافرەت کرد کەپێشەوایەتی خۆی لەدەست براو بکەوێتە ژێر ڕکێفی پیاوەوە . ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆکەمیو کەم بایەخی ئەوشتانەی کەئافرەت بەرهەمی دەهێنانو زیاد بوونی نرخو سەرچاوەکانی بەرهەم هێنانی پیاو . جگەلەمانەش وەدەست هێنانو هۆکانی بەرهەم هێنانیش کەوتنە چنگی پیاوو هەرچی ئاژاڵو گیانداری تریش هەبوون ، هەموویان هەر لەڕاو کردنیانەوە هەتا ماڵی کردنو پاسی کردنیشیان هەرکاری پیاوبوو

خۆ هەرچیەکیش لەمانەوە پاشەکەوت دەبوو هەر بەماڵی پیاو دەژمێردرا هەرچەندە ئافرەتیش لەگەڵیا لەبەرەکەی دەخوارد ، بەڵام هەر پیاو خاوەن بوو ، بۆ ئافرەت نەبوو ببێ بەخاوەن شت ،

بەم شێوەیە ڕۆڵی ئافرەت ، دوای ئەوەی کەبەشێکی کاریگەر بوو لەچالاکیە کۆمەڵایەتیە پێویستەکانی کۆمەڵگای سەرەتایی ، بوو بەڕۆڵێکی لاوەکی و کەم بایەخ . ئەمە وای لەئافرەت کرد کەبەناچاری لەڕووی ئابووریەوە بەپیاوەوە ببەسترێتەوە . هەر ئەم بەستنەوەیەش بوو کەئافرەتی لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە دوای پیاو خست و پاشکۆیەتی پیاوی لەقەبەڵ کرد . لەکۆمۆنیزمی سەرەتایی دا نەبێ ، لەهیچ سیستەمێکی ترا ئافرەت خۆی خاوەنی خۆی نەبووەو شوێنێکی دیارو بەرزیشی پێ ڕەوا نەبینراوە .

هەر لەگەڵ پەیدابوونی یەکەم ڕژێمی چەوسانەوەدا ، پیاو شوێنی ئازەتی لەق کردووە و پێشەوایەتی لەچنگ دەرهێناوە ، ئەگەر چی هاتنی ڕژێمی کۆیلایەتی لەقۆناغێکی دیاری قۆناغەکانی مێژوودا کردارێکی پێویست و شێوەیەکی کۆمەڵایەتی پێویستی شێوەکانی گەشەکردنی هێزی بەرهەم هێنەر بوو (١)

ئەم گواستنەوەیەش بۆ ڕژێمی کۆیلایەتی ، یان بەجۆرێکی دی بڵێین ، گواستنەوەش لەشێوازێکی کۆنی بەرهەم هێنانەوە بۆ

---

(١) ل . سیکال ( لمحة تاريخية عن تطور المجتمع ) ل١٢

شێوازێکی نوێ ، هیچ کاتێ بەرێکەوت نەبووەو لەخۆیەوەو بەکت و پڕی نەهاتۆتە کایەوە ، بەڵکو لەئەنجامی زیادبوونی ناکۆکیەکانی نێوان هێزی بەرهەم هێنەرو پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانەوە بووە.

هەر قۆناخێکیش لەقۆناخەکانی گەشەکردنی کۆمەڵ ، کۆمەڵێ پەیوەندی تازەی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتەکایەوە ، کەتێشکدانەوەی ئاوێنەی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنانی ئەو ڕژێمە بوون . (*)

نابێ ئەوەشمان لەیادچێ کەگەشە کـــردن و پەرەسەندنی ( ملکداریتی تایبەتی ) هۆیەکی سەرەکی بوو لەسەر هەڵدانی نایەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو ، لەشێواندنی پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکانی نێوانیانداو لەدابەش بوونی چینەکان و پەرەسەندنی زیاتری چەوسانەوەی ئافرەت دا .

ئەمە ئەوەمان دەدا بەدەستەوە کەسەرەتای دەست بەسەرا گرتنی ئافرەت لەلایەن پیاوەوە لەگەڵ سەرەتای پەیــدا بوونی ( ملکداریتی تایبەتی ) دا هاتۆتە کایەوە .. ئەمەش دەمان گەیەنێتە ئەوئەنجامەی کەبڵێین تا ملکداریتی تایبەتی بمێنێ ئافـرەت هەر

(*) هەر ئەو ووتارانەی کەدەربارەی ئافرەت لەژمارەکانی (١٨٧ و ١٨٨ ) ی گۆڤاری ـالهدفـ دا بڵاوکراونەوە ، کاك فؤاد مەجید بەدەسکاریەوە کردوونی بەکوردی وهەر لەهەمان ساڵدا لەرۆژنامەی هاوکاری دا بڵاوی کردونەتەوە .

لەژێر ركێفی پیاودا دەبێ‌و ناشكات بەمافی یەكسانی .

ئەگەرچی لە سەرەتادا لایەنی ئابووری ڕۆلی سەرەكی بینیوە لەچەوسانەوەی ئافرەتدا . بەلام ئیمڕۆ چەوسانەوەكە تەنها بۆ لایەنی ئابووری ناگەڕێتەوە ، چونكە ئافرەت تەنها چەوساوەی ئەم لایەنە نیە ، بەڵكو دووچاری چەوسانەوەیەكی چڕی لایەنەكانی ئابووری‌و ڕامیاری‌و كۆمەلایەتی‌و ڕۆشنبیری‌و .. هتد هاتووە .

یەكەم چەوسانەوەی چینایەتی لەمێژوودا ســـەری هەلدابێ چەوسانەوەی ئافرەتە لەلایەن پیاوەوە . وا ئیمڕۆش چەوسانەوەكەی بۆتە چەوسانەوەیـــەكی ئاوێتـــە . خۆ ئەگـــەر توانرا هەرچی چەوسانەوە هەیە بخرێتە سەریەك‌و یەك چەوسانەوەی گەورەی لێ دەرچێ ، ئەوە چەوسانەوەی ئافرەتە .

ئافرەت تەنها چەوساوەی دەستی چەوسێنەرەكەی خۆی نیە ، بەڵكو چەوساوەی دەستی چەوسێنەری چەوسێنەرەكەشیەتی .. بۆ نموونە :

ژنی جوتیار ، سەرەڕای ئەوەی چەوساوەی دەستی مێردەكەیەتی چەوساوەی دەستی ئاغاشە كە چەوسێنەری هەردووكـیانە ، . ژنی كرێكار ، لەگەل ئەوەشـا كەچەوساوەی دەستی مێـردەكەیەتی ، چەوساوەی دەستی خاوەن كاری چەوسێنەری هەردوكیشیانە .

بەمەدا بۆمان دەردەكەوێ كەئافرەت‌و هەردووكیان چەوساوەن

 پێكاو

لەو ڕژێمە چەوسێنەرانەی تێیا دەژین ، بەڵام هەموو کاتێ ڕادەی چەوسانەوەی ئافرەت لەڕادەی چەوسانەوەی پیاو پترە .

ماوتسی تۆنگ دەڵێ ( پیاوان ژێردەستەی سێ دەسەڵاتن ، دەسەڵاتی ڕامیاری ، دەسەڵاتی تیرەگەری و دەسەڵاتی ئایینی . بەڵام ئافرەتان ، سەرباری ئەم سێ دەسەڵاتەش ژێر دەستەی دەسەڵاتی پیاوانیشن . )

واتا سەرەڕای ئەوەی ئافرەت چەوساوەی دەستی دەسەڵاتە ، چەوسێنەرەکانی ناو کۆمەڵە چەوساوەی دەستی دەسەڵاتی پیاوانیشن هەرلەبەرئەمانەشە کەئەنگلز دوتوویەتی ( لەخێزاندا پیاو دەوری بورژوا دەبینێ و ژنیش دەوری پرۆلیتاریا . )

ئەگەر بەووردی سەرنجی هەریەکێ لەڕژێمە چەوسێنەرەکان بدەین جا کۆیلایەتی بێ ، یان دەرەبەگایەتی وەیان سەرمایەداری . دەبینین هەریەکەیان خاوەنی خاسیەتی تایبەتی خۆیانن ، بەڵام ئەوەی هەرسێکیان بەیەکەوە گرێ دەدا ئەوەیە کە پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان پەیوەندی چینایەتییە . هەرسێ ڕژێمەکەی بەرهەم هێنان کێشەی چینایەتی جیایان دەکاتەوە ، هەر ئەم کێشەی چینایەتیەشە کەهێڵی سەرەکی هەموو ژیانی کۆمەڵایەتی دەکێشێ(١) مادام کێشەی ئافرەتیش تێهەڵکێشی کێشەی چینایەتییەو

---

(١) لمحة تاريخية من تطور المجتمع ل ٨٣

بەشێکە لە کۆمەڵی کێشە کۆمەڵایەتیەکانی تر . بۆیە چارەسەری ئەم کێشەیە راستەوخۆ بەتێکۆشانی چینایەتی و بەگۆڕینی شۆڕشگێرانەی جیهان لەپێناوی دامەزراندنی سۆشیالیــزم و پەیدا بــوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نوێ و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی (بێ چین)ەوە بەستراوەتەوە .

مارکس و ئەنگلز لەئەنجامی شیکردنەوەی زانستیانەی یاساکانی گەشەکردنی کۆمەڵدا ، ئەو پەیوەندیە بەهێزەیان دۆزیــەوە کەلە نێوانی ژێردەستەیی ئافرەت داو لەنێوانی ملکداریتی تایبەتی و دەر- کەوتنی کۆمەڵگای هەمەچین و لەدوایشدا دەرکەوتنی دەوڵەت کە رێکخەری کۆمەڵگای هەمەچینــەدا هەیە . هەر لەبەر رۆشنــایی ئەم بۆچوونەشدا ئەوەیان ساغ کردەوە کە هەولدان لەپێنــاوی رزگاری ئافرەتدا ، بەشێکی نەپچراوە لەتێکۆشان لە پێــناوی سۆشیالیزم و لەپێناوی پەیوەندی کــۆمەڵایەتی نوێ و لەپێنــاوی کۆمەڵگایەکی بێ چیندا . (١)

چەوسانەوەی ئافرەت ، هەرلەوکاتەوەی سەری هەڵداوە ، رۆژ بەرۆژ لەگەڵ گەشەکردنی ملکداریتی و چەوساندنەوەی چینایەتی دا بەرەو زیاد بوون و پەرەسەندن چووە ، سەبارەت بەوەی کەئافرەت ملکی پیاوە ، هەتــا چەوسانەوەکە لەرژێمــــی سەرمایەداری دا

---

(١) وەرگێرانی جورج طرابیشی ( المرأة والاشتراكية ) ل ٢٠٢

گەیوەتە چلەپۆپە ، ئەو رژێمەی کەلەمندالدانیا ئەوهێزە لەدایك دەبێ ، کەبەسەریا زاڵ دەبێو دەیڕوخێنێ . (١)

بێگومان ئەمەش لەئاکامی گەشە کردنو پەرەسەندنی ناکۆکیەکانی ناو ئەورژێمە خۆیو هەڵگیرساندنی شۆرشی سۆشیالیستیو دامەزراندنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاوە ئەنجام دەدرێ .

---

(١) سعاد خيري ( المرأة وآفاق التطور في العراق ) ل٥٨

# بەشی دووەم

## ڕۆڵی ئافرەت
## لە
## ڕزگاریی کۆمەڵدا

ڕزگاریی ئافرەت ئەگەرچی ڕزگاریی ئافرەتە لەهەموو ئەو یاساو نەریت‌و ڕەوشتە کۆنە چەوسێنەرانەی ناوکۆمەڵ کەهەر لە دێر زەمانەوە تێکەڵ بەشیری مەمکی دایکمان بووەو تا ئێستاش لەگەڵ خوێنەکەماندا دوا دەماری لەشمان تەی دەکات ، هەروەها ڕزگاری مێشکی پیاویشە لەهەموو پاشماوەیەکی کۆن‌و بیروباوەڕی گەندو تێڕوانینی نزمی ئافرەت . بێگومان بەئاکام گەیاندنی ئەم کارەش کات‌و تێکۆشانێکی زۆری دەوێت کەئافرەت‌و پیاو

هەردوکیان بەشداری تەواوی تێدا دەکەن .

کۆمەڵگاش تا کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو بێ ، مەسەلەی ڕزگاریی ئافرەتی تێدا ئاڵۆزترو قورستر دەبێ . داماڵینی کۆمەڵ لەهەموو نەریت و بیرە کۆنەکانی کارێکی گرانەو پێویستی بەهەوڵێکی زۆر هەیە ، بەتایبەتی ئەوبیرانەش کە پەیوەندیان بە مەسەلەی ئافرەتەوە هەیە ، چونکە کۆمەڵگای کۆن تا ڕۆژانێکی زۆریش لەکۆمەڵگای نوێدا پاشماوەی لەسەر ئاستی ئایدۆلۆژی ژیانی ڕۆژانەدا ، هەتا دوای ڕاستکردنەوەی بنچینە ئابووری و ڕامیاریەکانی ئەو کۆمەڵگایەش هەردەمێنێ . پاشماوەی کۆمەڵگای کۆنیش ئەوەندەی لەمەیدانی ئافرەتا دەردەکەوێ ، لەهیچ مەیدانێکی ترا دەرناکەوێ . هەر بۆیەشە کەمەسەلەی ئافرەت لەناو گەلە دواکەوتووەکاندا ، یەکێکە لەهەرە مەسەلە گرنگ و ئاڵۆزەکانی ناو کۆمەڵ . .

ڕادەی پێشکەوتن و هەنگاونانی هەروولاتێکیش لەوولاتان بەچۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیەوە بەستراوەتەوە . .

باشترین پێوەریش لەم ڕۆژگارەدا کەڕادەی پێشکەوتن یادواکەوتنی هەرمیللەتێکی پێ بپێورێ ، ڕادەی پێشکەوتن یان پاشکەوتنی ئافرەتە .

شارل فۆریە دەڵێ ( پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و گۆڕانکاریەکانی

هەرقۆناخێك بەوهەنگاوانە دەپێورێ کەئافرەت بەرەو (سەربەستی)
دەیان نێ .. داوەشانی کۆمەڵیش بۆکەمی سەربەستی ئافـــرەت
دەگەڕێتەوە ، فراوانی مافەکانی ئافرەت بنچینـەی گشتی هەموو
پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتی یە . (١)

دوای ( فۆریە ) ش ، مارکس و ئەنگلز بەدڵنیـاییەوە دوو
پاتیان کردەوە کە ـ ڕادەی ڕزگاری ی هەر میللەتێـك بە ڕادەی
ڕزگاری ی ئافرەت دەپێورێ ـ .

لەبەرئەوە بەهیچ کلۆجێ ناتوانرێ گیروگرفتەکانی ئافرەت لە
تێکڕای گیروگرفتەکانی تری کۆمەڵ دابڕێ . هەرلەبەرئەمەشە ،
هەروەکو لەپێشیشدا ووتمان ، مارکس و ئەنگلز چارەسەری ئەم
کێشەیەیان بەخەباتی چینایەتی و گۆڕینی شۆڕشگێڕانەی جیهانەوە
بەستۆتەوە .

ئنجا ئەگەر هات و بەچاوێکی زانستیانەوە بڕوانینە کۆمەڵگای
خۆمان و بەو پێوانانەی سەرەوە بیپێوین ، ئەوا بێ سێ و دوو دەڵێین
ئێمە کۆمەڵگایەکی دواکەوتووین، چونکە ئافرەتمان دواکەوتووە .

دواکەوتویی ئافرەتیش ، لەئەنجامی دروست بوونی بایۆلۆژی و
سایکۆلۆژی ئافرەتەوە نەهاتووە وەکـــو هەندێ لەزانا و پسپۆرە
بۆرژواکان دەهۆڵی بۆدەکوتن . بەڵـکو ئەنجامی هەموو ئەو بارە

(١) جورج طرابيشي ـ المرأة والاشتراكية ل٢٤

ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری یانەیە .. کەئافرەتیان پتر لەپیاو چەوساندۆتەوە .

خۆئەگەر بەراوردێکی سەربێ یانەی ئافرەتی خۆمان لەگەڵ ئافرەتی گەلانی دەورو پشتماندا بکەین، بەتایبەتی کەلەموسلمانەکان، ڕەنگە بتوانین بڵێین ئافرەتی ئێمە سەربەستی زیاتری هەیە،

ئەوەتا تۆمابوا لە (مع الاكراد) دا دەڵێ (زۆرنەڕۆیشتووین ئەگەر بڵێین ، سەربەستی ئافرەتی کورد ، لە سەربەستی ئافرەتی هەموو گەلە موسلمانەکان زیاترە) ئێمەش لاریمـــان لەم زۆر نەڕۆیشتنە نیە ، بەڵام نابێ چاو لەئاستی ئەوەدا بنوقێنین کە ئەو سەربەستی یەی ئافرەتی ئێمە هەیەتی ، ئەوە لە سەرەتای ئەوسەر-بەستی یەدایە کەدەبێ ئافرەتی مرۆڤ هەیبێ .

ڕەنگە کەسانێکی وەکو تۆماوا و مینۆرسکی و ریچ و .. هتد ئەوەندەی ئافرەتی جوتیاریان لەلادێکانی کـــوردستاندا دیبێ و ئەوەندەی لەلایەن ئافرەتی کوردەوە میوانداریان کرابێ و ڕێزیان لێ گیرابێ و گفتوگۆی سەربەستیان لەگەڵدا کرابێ ، لای ژنانی گەلانی تر نەیان بینیبێ ، ئەمانە ڕاستین و نکولیان لێ ناکرێ . بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر چێ کە (تائێستاش ئافرەت ، لەکۆمەڵگای کوردەواریدا ، ژیانی بە پیاوەوە بەستراوەتەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا کەلەلادێکاندا لەکاروفرماندا هاریکاری پیاو دەکات . بەڵام ئەگەر

لەژێر دەسەڵاتی پیاودایەو وەك پیاو بەخاوەن ناژمێردرێ ) «١»

ئافرەتی ئێمە کاردەکات ، بەڵام ئەوکارەی کردویەتی ، بۆتە هۆی چەوسانەوەیەکی زیاتر بۆی ، چونکە کارکردن بێ بوونی یەکسانی و سەربەستی . کارکردن لەژێر ئارەزوو خواستی پیاودا . . کارکردن بەبێ ئەوەی دەرامەت بۆکارگەرەکە بگەڕێتەوە زیاتر باری چەوسانەوەی ئافرەت قورس دەکەن .

ئافرەتی ئێمە ، ئەگەرکاریشی کردبێ ، هەرئەوکارانەبوون کە پیاو بۆی دەست نیشان کردوون ، ئەودەرامەتەش کەدەستی کەوتوە هەر بۆباخەڵی پیاو گەڕاوەتەوە ، ئەم تەنها ئامێرێــــك بووەو بە گوێرەی ویست و ئارەزووی پیاو هەڵسوڕاوە .

کەم واهەبووە ، ئافرەتی ئێمە خۆی خاوەنی خودی خۆی بووبێ* ئافرەتی ئێــــمەی کورد هەرلەبوونیەوە تامردنی نەیتوانیوە لەو پاشکۆیەتیە قوتاری ببێ کەهەر لەدێر زەمانەوە بەمیرات بۆی ماوەتەوە ، هەتا لەماڵی باوکیەتی ئەوە پاشکۆی باوك و براکانیەتی

---

(١) د . عزالدين مصطفى رسول - الواقعية في الادب الكردي ل١٨٧

(*) کەئەمە دەڵێین ، وەنەبێ ئەوەشمان لەیادچێ کەمێژوومان بەشانازیەوە ناوی دەیانی وەك ( قەدەم خێــــرو قەرەفاتم و حەپسەخان و خانزادو . . . و . . . هتد ) ی گرتۆتە ئامێزی خۆی .

کەبەشووش دوا ئەوا دەسەڵاتی بۆمێردەکەی دەگوازرێتەوە .

چاران لەزۆر ناوچەی کوردستاندا ، کە بووك بۆماڵی زاوا دەگوێزرایەوە ، زاوا بەخۆیی‌و قامیشێکەوە لەسەربانی ماڵی‌خۆیان ڕادەوەستاو لەکاتی هاتنەژوورەوەی بووکدا ، دەستی هەڵدەهێنایەوە وقامیشێکی بەسەری بووکا دەکێشا ، ئەوەش نیشانەی سەپاندنی دەسەڵاتی زاوابوو بەسەر بـووك دا .. نیشانەی گـــواستنەوەی دەسەڵاتی باوك‌و برابوو بۆمێرد .. نیشانەی سەپاندنی ( پیاوەتی ) پیاو بوو بەسەر ( ژنێتی ) ئافرەت دا .

ئەم دیاردەیە زۆر لەودیاردەیە دەچـوو کەچاران لەڕووسیای قەیسەریدا ، هەبو لای زۆرلەخێزانە جوتیارەکان ، باوبوو ،کاتێ کچێ شووی دەکرد ، باوکی کچە قامچیەکی تازەی پێشکەشـی زاوا دەکرد .. ئەم قامچیە ڕەمزی گواستنەوەی دەسەڵاتی باوك بوو بۆ زاوا .

سەیرترین شێوەی پاشکۆیەتی ئافرەت ، لەوەدا دەردەکەوێ کە کاتێ ژنێ مێردەکەی دەمرێ‌و کوڕی هەیە ، ئەوە دەبێ ئەمجار ببێ بەپاشکۆی کوڕەکەی خۆی ، دەبێ ئیتر کوڕەکەی ببێ بە ڕیش سپی ماڵەوە .

ئەو کۆمەڵگایەی ئێمەو باپیرانی ئێمەشی تێدا ژیاون‌و تێیدا پەروەردە بوون ، هەرگیز مافی سەربەستی‌و یەکسانی بەئەندامانی

نەداوە ، هەمیشە پیاوی بەگەورەو بەبەهێزو بەزیرەكو بەپێشەوا، نیشان داوەو كام سیفاتی خراپیشە لەبێ‌هێزیو ناتەواویو بێ‌مێشكی وماسوشیو .. هتد خستویەتە پاڵ ئافرەت ..

هەرلەوكاتەشەوە كەچاومان تێیدا كردۆتەوە ، فێری ئەوەمان دەكات ، كەچەندەها جیاوازی لەنێوانی ئافرەتو پیاودا هەن ، جا ئەم جیاوازیە كارتونیانەش تێكەڵ بەبیرو هۆشو دەروونمان بوون ولەگەڵماندا گەورە بوونو لامان بوون بەجیاوازی سروشتیو خوا كرد . هەروەكو چۆن زۆربەی پیاوان بەكارێكی ڕەواو سروشتی دەزانن كەئافرەت لەخۆیان بەكەمترو بێ‌هۆشتر لەقەلەم دەدەن، ئاواش لەناوئافرەتانیشدا زۆر هەیە ، هەمان هەستی لەناو مێشكدا چەسپ بووەو نزمی ئافرەت بەرامبەر بەبەرزی پیاو بەكارێكی ماقولو ڕەوا دەزانێ ، هەشە دڵنیایی خۆی نیشان دەدا ، بەرامبەر بەوەی كەئافرەت چەند پێشكەوێ ، چەند ڕۆشنبیری زیاد كات ، چەند .. هتد !! ئێستاش ناتوانێ شان لەشانی پیاو دات .

جارێكی كەش دەڵێین .. پاشكۆیەتیو دواكەوتوویی ئافرەت لەناتەواوی دروست بوونیەوە نەهاتووە ، بەڵكو ئاكامێكی مێژوویی باری ئابووریو ڕامیاری ناو كۆمەڵە .. زیاد بوونی بەرهەمی كارو دەست بەسەر گرتنی پیاوە بەسەر سامانە سەرەكیەكاندا .. ئەو سامانانەی كەلەئەنجامی زیاد بوونی بەرهەم هێنانەوە دروست بوون

وده‌بێ .. هه‌روه‌ها ئاكامی به‌رده‌وام بوونی له‌مێژینه‌ی ئه‌م باره ناهه‌مواره‌یه .

زانستی نوێش پاشه‌كشه به‌هه‌موو تیۆری و تێروانینه كۆنو كه‌نده‌ڵه‌كان ده‌كات كه‌ده‌یانه‌وێ دروست بوونی بایۆلۆژی و سایكۆلۆژی ئافره‌ت بكه‌ن به‌سه‌نگی مه‌حه‌ك و به‌قه‌ڵغانی پاراستنی تیۆری و راكانیان .

زانستی جینات و كرۆمۆزۆمات ده‌ری ده‌خات ، ئه‌وبێ هێزی و ناته‌واوییه‌ی كۆمه‌ڵ داویه‌ته پاڵ سروشتی ئافره‌ت ، هیچ بنچینه‌یه‌كی زانستییان نیه ، ئه‌وگه‌وره‌ییه‌ش كه‌كۆمه‌ڵ به‌پیاوی به‌خشیوه ، به‌وه‌ی كه‌گوایه له‌ره‌گه‌زێكی جیا له‌ره‌گه‌زی ئافره‌ته له‌ده‌ست كردی كۆمه‌ڵ به‌ولاوه هیچی تر نیه ، *

كه‌ده‌ڵێین كۆمه‌ڵ ، مه‌به‌ست له‌چۆنیه‌تی په‌روه‌رده كردن و راهێنانی ئه‌ندامه‌كانه . به‌هه‌موو ئه‌وباره رامیاری و ئابووری و كۆمه‌ڵایه‌تی و رۆشنبیریانه‌ی كه‌سنووریان بۆجووڵانه‌وه‌ی ئه‌ندامه‌كانی كێشاوه ، به‌یارمه‌تی و پاڵپشتی جۆره‌ها یاساو نه‌ریت و داب و ده‌ستووری كۆن و هه‌موو ئه‌وبه‌یت و باوه‌ڕانه‌ش كه‌بۆخزمه‌تی رژێمه

---

(* تائێستاش زۆر هه‌ن ، ئافره‌ت به‌ره‌گه‌زێكی جیا له‌ره‌گه‌زی پیاو تێ ده‌گه‌ن . بێ ئه‌وه‌ی گوێ بده‌نه ئه‌وه‌ی كه‌ئافره‌ت و پیاو هه‌ردوكیان یه‌ك ره‌گه‌زن . ره‌گه‌زی مرۆڤ .

چەوسێنەرەکان وەدوای ئافرەت خراون .

کچە زانایەکی ئەمەریکایی ـ مارگرێت مید ـ کە زانایەکی نەژادەکانی ئادەمیزادە ـ هەر لەپێناوی ئەوەدا بتوانێ چەند تیشکێ بخاتە سەر مەسەلەی پەیدابوونی جیاوازیەکانی نێوان ئافرەت و پیاو .. بۆ ئەوەی بتوانێ ئەوهۆیانە روون کاتەوە کەکاردەکەنە سەر دروست بوونی خوو کەسایەتی هەریەکێ لەئەندامەکانی کۆمەل ،

باسێکی دوورو درێژی لەسەر ژمارەیەك لەکۆمەلگا سەرەتایی یەکان ئامادە کرد ،.. مارگرێتیش پێش ئەوەی باسەکەی تەواو کات ، وەك هەموو کەسێکی تر وای هەست دەکرد کەئافرەت و پیاو هەریەکەیان جۆرە ( تەبعێکی ) تایبەتی و لەوی تر جیاوازی هەیە . بەلام بەتەواو کردنی باسەکەی ، زانست و راستی کەیاندیانە ئەوەی کەبلێ : ( ئێمە ناچارین بگەینە ئەوئەنجامەی کەسروشتی مرۆڤ وەکو هەویر توانای شێلان و گۆرینی لەباردایەو مل کەچی هەموو ئەوفەرمانانەشە کەلەدەستەی کۆمەلایەتیەوە بۆی دەردەکرێت ئەگەر دووکەس هەریەکەیان سەربەشارستانیەتێکی جیاوازبن ، ئەگەر هیچیشیان لەیەکتری نەچوون ، ئەوا لەپێش هەموو شتێکا دەگەرێتەوە بۆئەوەی کەهەریەکەیان تووشــــی بارو مەرجی پەروەردە کردنی جیاوازبوون ، بەتایبەتی لەسالانی سەرەتادا .

هەرچۆنێ بێ ، هەرکۆمەلە بریار لەسەر سروشتی ئەومەرجانە

ئەداتو دروست بوونی کەسایەتی هەریەکێکیش هەر دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئەویاسایەوە ئەو کەسایەتیـە لەدەستکــردی ئەو کۆمەڵگایەیە کەسورە لەسەر ئەوەی دەبێ هەرئەوەیەك (نێر) بێ یان (مێ) ، بەوشێوەیە بێ کەخۆی سەپاندوویەتی . (١)

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێ کەکـۆمەڵ لەدروست بوونی کەسێتی هەر ئەندامێکیدا دەوری سەرەکی دەبینێ ، ئافرەت بێ یان پیاو . .

هەر کۆمەڵە کە (کا) دەکاتە مێشکی ئافـرەتەوەو تاوانی بێ مێشکیشی دەداتە پاڵ . . هەر کۆمەڵە کەقاچی هەنگاونانی ئافرەت شەتەك دەداو ، تاوانباری دەکات بەوەی کەناتوانێ هەنگاو بنێ . . بەڵێ کۆمەڵ . . کۆمەڵ بەشێوەیەکی ڕاستەوخـۆ کاردەکاتە سەر توانای مرۆڤو بەگوێرەی دابو دەستورەکان کەمو زیادی دەکات.

جارێکی کەش دەڵێین کۆمەڵ ژینگەی هەڵێنانی گەرای هەموو ئەوجیاوازیو بەرزیو نزمیانەیە کەلەنێوانی ئافرەتو پیاودا هەن. - سیمۆن دی بۆفوار - دەڵێ : لاوازی ئافرەت بۆئەوەهۆیە زگما کیانە ناگەڕێتەوە کەلەسروشتیدا هەن ، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆئەو دۆخە کشتیەی کەکۆمەڵ هەرلەسەرەتای منداڵیەوە تادوارۆژەکانی

---

(١) جورج طرابيشي - المرأة والاشتراكية ل١٢٣

ژیانی بەسەری دا دەسەپێنێ ) «١»

ئنجا بۆئەوەی وورد تر سەرنجی ئەوبارە کەتێیەی کۆمەل بدەین و سەرنجی ئەوجیاوازیانەش بدەین کەئەنجامێکی ئاشکرای ئەودۆخەن ، باشتر وایە لەچەند خالێکا جیاوازیەکان کۆکەینەوە وبەگوێرەی توانا دەست نیشانی هەندێکیان بکەین .. پێم وایێ ئەگەر لەدوو ڕوانگەوە بڕوانینە جیاوازیەکان باشترە ..

یەکەم : کۆمەل ، بەهەموو یاساو دەستورو ڕەوشت و نەریتەکانیەوە . ئنجا ئایین ، ئەوئایینەی کەکۆمەلی کردووە، لەمانەوەو داهێنانی جیاوازیەکاندا ..

جیاوازیەکان :

* هەرلەسەرەتای چاوکردنەوەی منالدا ، زۆربەی ئەوجیاوازیانەی کەلەنێوانی ئافرەت و پیاودا هەن ، لەخێزانەکەی خۆیاندا بەئاسانی لەنێوانی دایك وباوکیدا دەیان بینێ ولەگەلیانا ئەوردەبێ .

منال دەبینێ ، ئەوەی بەردەوام لەمالەوەیەو کاروباری بێ بەرهەمی ناومالی بەملەوەیە ، تەنهــا دایکە . ئەوەیش بەکاری دەرەوەی مال هەلدەستێ ، هەرباوکە ..

ئەم شێوە بینینەی سەرەتای ژیانی ناومال ، هەستی دووبارە کردنەوەی ڕۆلی دایك لەمێشکی کچ داو ، دووبارە کردنەوەی

(١) سیمون دی بوفوار - الجنس الاخر ل٣٠١

رۆڵی باوك لەمێشكی كوردا ، دەڕوێنێ . بێ‌گومان هەر ئەم‌شێوە دابەشكردنەی ( كار ) یشە كەدەرامەت دەخاتە ژێر دەســەڵاتی پیاوەوە . خۆئەگەر ئافـرەت دەرامەتیشی لەژێر دەستابێ ، ئەوا شتێكی كەمتری لەژێر دەستایە .

هەمووشمان ئەوە دەزانین ، لەكۆمەڵـگای ئێمەدا ، بەرزی و نزمی ژیانی هەرخێزانێك‌و ، بەپڕی‌و بەتاڵی گـــیرفانی پیاوەوە بەستراوەتەوە .. ئەمەش والەكچ دەكات ، بەپێویستی بزانێ كە چارەنووسی دوا ڕۆژی ( هاوسەری ) ی خـــۆی بە چارەنووسی پیاوێكەوە گرێدا ، . گیرفانی پڕبێ .. پایەی بەرزبێ‌و .. هتد ، بۆئەوەی بتوانێ ژیانی پاشە ڕۆژی خۆی مسۆگەر كات‌و لەسێبەری داری ( هەبوونا بحەسێتەوە .

هاوسەریەتیش .. لەسەر بناغەی حەزو ئارەزووی مرۆڤانەی تەواو دانامەزرێ ، هەتا بەرهەم هێنانی سەرمایەداری‌و پەیوەندیە كانی ئابووری ناو ڕژێمـــی سەرمایەداری ، لەناو نەچـــن‌و هەڵنەوەشێنەوە .

چونكە ئەم هەڵوەشاندنەوەیە سنوورێكی تەواو دە كێشێ بۆهەمو پەرژەوەندیەكی ئابووری ، كەتائێستاش بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ وكاریكەر ، كاردەكاتە سەر هەڵبژاردنی هاوسەر ..

* ئاشكرایە كەزۆربەی هەرە زۆری خێزانەكان ، زیاترحەز

بەبوونی کوڕ دەکەن نەك کچ ، خۆئەگەر ژنو مێـردێ کچیان هەبێ ، بەڵام کوڕیان نەبووبێ . ئەوا خۆیان بەبێ پاشەواردەزانن بوون نەبوونی کچیان لایەکە ، ئەمە جگە لەوهەمەوو (ئیمتیازاتە) زۆرانەش کەکوڕ هەیەتیو کچ لێیان بێبەشە .

دەلوێ ئەم هەڵوێستەی دایكو باوك ، کەمـیراتی پاشماوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتین ، بۆ یەکێ یان زیاتر لەم هۆیانەی خوارەوە بگەڕێتەوە : ـ

١ ـ کوڕ بەپشتو کۆڵەکەی ڕاگیر کەری دەسەڵاتی خێزان دەژمێردرێ ، بەڵام ، کچ نەبەپشت دەژمێردرێ ، نە دەسەڵاتی خێزانیشی پێ زیاد دەبێ .

٢ ـ کوڕ دەرامەتی لەژێر دەستەو هەموو کاتێ زیاتر توانای یارمەتی دانی خێزانی هەیە .

٣ ـ کوڕ ژن دەهێنێو دەشێ زیاتر لەماڵ بمێنێتەوە ، بەڵام کچ شوو دەکاتو ماڵ بەجێ دەهێڵێ .

٤ ـ بەپێی یاساو ڕەوشتی کۆمەڵ ، بوونی کـــچ ، زیاتر مەترسی ڕمانی دیواری ڕەوشتو شەرەفي خێزان دروستدەکات، چونکە دەرچوونی ئافرەت لەو سنورانەی کۆمەڵ بۆی کێشاوە ، بەلادانو بێ ڕەوشتیو تاوان لەقەڵەم دەدرێ .. بەڵام کـــوڕ ، گیاندارێکی جیایەو ئەم باجانەی کۆمەڵی لەسەر نیە .

٥ - دوورنیە حەزی هەندێ لەدایکان بۆ بوونی کوڕ ، زیاتر لەبوونی کچ ، بۆئەوە بگەڕێتەوە کەدایک جگەرگۆشەی خۆی خۆش دەوێ ، نایەوێ تووشی ئەو چەرمەسەری و چەوسانەوەیە بێ کەخۆی تووشی بووە ( دەتوانین بڵێین ئەمە بۆئافرەتێ دەبێ کەخۆی بەچەوساوە بزانێ )

٦ - لەکۆمەڵگای ئێمەدا ، لەناو کەلێ لەخێزانەکاندا ئەگەر ژنێ کوڕی نەبێ ، دەشێ لای مێردەکەی خۆشەویست نەبێ ، دوور نیە نەبوونی کوڕ ، کێوگرفتی مەترسی لێك جیابونەوە (تەڵاق)ی بۆدروست کات ، یان هەرهیچ نەبێ مەترسی هەوێ ساری بـۆ پەیدا ببێ .

ئنجا بۆئەوەی مێردەکەی نەڕەنجێ و دڵی بەلای خۆیا ڕاکێشێ وبۆئەوەی زەردەواڵەی هەوێ ساری ژەهری ترسی نەکاتە لەشەوە، دەبێ و پێویستە کوڕی ببێ .

٧ - پیاو ژنەکەی خۆی بەمولکی خۆی دەزانێ . نایەوێ هەتا دوای مردنیشی ببێ بەمولکی کەسێکی دیکە . نایەوێ ( تارمی) ئەومال و سامانەی بەدەستی خۆی کۆی کردوتەوە ، کەسێکی دی بێ و دوای مردنی ئەم شەنەی تێ هەڵدا ، ئنجا بوونی کوڕ ، دەشێ تا ئەندازەیەك ڕوونەدانی ئەم مەترسیەی بۆزامن کات .

ئنجا ئەگەر قوتابخانەی یەکەمی منداڵ کە خێزانە ، ئەمە شێوەی

شێوازی پەروەردە کردنو پێگەیاندنی بێ ، . چۆن ڕەگی جیاوازیەکان بەدوا چێی خاکی دڵو دەروونی قوتابیەکانیدا ڕۆناچن .

ئەوجیاوازیانەش کەتائێستا باسمان لێوە کـــردەوە ، بە شێوەیەکی سەرەکیو ڕاستەوخۆ خێزان لێیان بەرپرسیارە . خێزان ژینگەی سەرهەڵدانیانە .

هەتا خێزان شێوە کۆنەکەی خۆی بپارێزێو هەتا خانەیەکی ئابووری ناو کۆمەڵ بێتوهەتا ژنو مێرد لەرووی یاساوە نایەکسان بن ، ئەم جۆرە جیاوازیانەش لەخێزاندا هەردەمێنن ولەناوناچن . کەواتە هەوڵدان لەپێناوی وەدی هێنانی یەکسانیی ژنو مێردا لەسەر ئاستی خێزان ، هەوڵدان لە پێنـــاوی هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندیە کۆنەکانی ناوخێزانو هەوڵدان لەپێناوی بەشداری کردنی ئافرەت لەکاری بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتیداو ڕازی نەبوونی بە کاری تایبەتی ناوماڵو بوونی کاری ناوماڵیش بەبالاکیەکی گشتی ناوکۆمەڵ ، ووردە ووردە جیاوازیەکانی ناوخێزان بەرەوهەڵوەشاندنەوە دەبەن .

ئێستا ئەگەر لەسنووری خێزان دەرچینو بێینە ناو کۆمەڵەوە وکۆمەڵ بەگشتی وەرگرین ، چووزەرەی چەند جیاوازیەکی دی سەروەدەر دەنێین ، لەوانە :

* هیچ کاتێ کۆمەڵ ئەوسەربەستیەی بەئافرەت نەداوە تا

بتوانێ وەك پێویست تێکەڵاوی ئەندامانی کۆمەڵەکەی بێ . . لەکاتێکا ، هەرلەهەمان کۆمەڵکادا ، جۆرەها مەیدانیتر لەبەردەمی پیاودا ئاچووغن .

ئەوەش کەبەشێوەیەکی سەرەکی سنووری بۆتێکەڵاو بوونو جووڵانەوەی ئافرەت کێشاوە ، ئەوجیاوازیانەیە کە کۆمەڵ خستونیەتە نێوان شەرەفی ئافرەتو شەرەفی پیاوەوە .

لای ئێمە تەمەنی شەرەفی ئافرەت تا بڵێی کورتە ، زۆر لە تەمەنی ئەودەسرە کاغەزە دەچێ کە تا بەکار نەهاتووە ، نایابە ، کەچی هەرئەوەندە جارێ بەکارهات ، ئیدی کەڵکی مانەوەی پێوە نامێنێ . کەچی شەرەفی پیاو ، هەرلەناو هەمان کۆمەڵکادا نەك بەجارێ ، ڕەنگە بە (٥٠) جار وصەد جاریش تەمەنی خۆی لەدەست نەدات .

زۆر سەیرە ، کارەیە پیاوەدەیکات ، هیچی لێ شێن نابێتەوە ، کەچی ئەگەر ئافرەتێ هاتو هەرهەمان کاریشی دووبارە کردەوە، ئەوە بێ ئابڕووە ، کەم ڕەوشتە . تاوانبارە . . وکەلێ تاوانی لەمەش ناشیرینتری ڕەپاڵ دەدرێ .

هەرئەم تێڕوانینەی کۆمەڵە ، وای لەئافرەت کردووە ، سڵ لەهەموو کاری بکاتەوە وزیاتر پاڵی پێوە بنێ بۆئەوەی لە کۆمەڵ دوور کەوێتەوە . لەکاتێکا تێکەڵاوبوونی کۆمەڵ زەمینەی تاقی

کردنەوەو گەشەکردنو پێشکەوتنی مرۆڤ دەخولقێنێ .. تێکەڵاو بوون نەبێ ، نەمرۆڤ پێش دەکەوێو نەبیرو دەروونو لەشیش گەشە دەکەنو پێ دەگەن .

- سەلامە موسی - ڕوو لە ئافرەت دەکاو دەڵێ ( پیاوان ، تاوانبارت دەکەن بەوەی ، زیرەك نیت ، ئازاو سەخیو بینانیت . ناتوانیت لەداهێنانو دۆزینەوەدا ( الاختراع والاكتشاف ) سەر کەویت ولەزانیاریو هونەردا دەرناکەویت .

هەموو ئەم تاوانانە ڕاستن .. ڕاستن چونکە تۆ ژیانت لەنێوان چواردیواریماڵەوەدا بەسەر دەبەی ..

خۆزگەر بهاتایەو ئێمەی پیاویش لەناوماڵدا بەند بکراینایە ، ئەوا ئەوکاتە ئێمە بەوە تاوانبار دەکراین ، کەوا تۆی پێ تاوانبار دەکرێی ..

زیرەکیو ئازایەتیو سەخاوەتو بینابیو داهێنانو دۆزینەوەش هەموویان ، بەشێکی هەندێ چالاکی کۆمەڵایەتین کەکۆمەڵ داوامان لێ دەکات . ئەوکاتەش ئەوهەستەمان تیادا دەژیاتەوە کە هانی چالاکی بیرو لەشمان بدا ، کەتێکەڵاوی کۆمەڵ دەبینو ( تفاعل ) ی لەگەڵ دەکەین .

زیرەکیو تێگەیشتنو ژیریش بەتێکەڵاوی کۆمەڵو بەڕوو بەڕوو بوونەوەی گیرو گرفتەکانیو بەهەوڵدان بەشوێن دۆزینەوەی

چارەسەردا ، . پەروەردە دەبن .

ئەزبەرەکی و ئەزبەریش بۆمرۆڤ نین لەکۆمەلدابەردرێ ) (١)

* کۆمەڵگاکەمان ، . بەتەواوەتی تەمەنی ئافرەتی لە تەمەنی پیاو جیاکردۆتەوە ، . خۆئەگەر هات و ئافرەتێ تەمەنی تۆزێ لەو سنوورەی کۆمەل بۆی داناوە سەری بکا ، ئەوا بەجارێ نرخی لەبازاری ( فرۆشتن ) دا دێتە خوارێ .. ڕەنگە کەم کەس هەبێ، ئامادەبێ کچێکی بەتەمەن تر لەخۆی بـکا بەهاوسەری ژیانی . چونکە کۆمەل وای بڕیوەتەوە ، دەبێ تەمەنی پیاو لەتەمەنی ئەو کچە زیاتربێ کەدەبێتە هاوژینی .

جارێکیان لەدکتورێکی ( پاکستان یم پرسی :- بۆچی ئێوە ئافرەتی خاوەن بڕوانامەی دکتوراتان کەمە ؟ نوێشکی وەلامە کەی ئەوەبوو .. گوایە ئەو کچـانەی وەدوای وەدەست هێنانی دکتۆرا دەکەون ، تەمەنیان ئەوەندە سەردەکات ، کەلکی شوو-کردنیان پێوە نامێنێ .. چونکە پیاو ، ئامابێ ژنێ دێنێ لەخۆی منال تربێ . ئنجا ئەم ترسە ، ترسی لەکیس چوونی (مێرد) ، پال بەئافرەتەوە دەنێ ، ئەوەندە بەدوای خوێندنی بەرزا نەگـەرێ ، ئەوا تەمەنی سەرکات و شەمەنەفەری ( هاوسەریش ) جێ بهێلێ .

کەواتە لای ئەوانیش و لای ئێمەش ، تا ئێستاش شووکـردن

(١) سلامة موسی - المرأة ليست لعبة الرجل ل١١و١٢

هەروەکو کارێکی پیرۆزی تری بەقوربان دەکرێ ، ئەمەش دیاردە-یەکی تایبەتی یە بەهەموو ئەو کۆمەڵگـایانەوە کەلەسەر بنچینەی جیاوازی نێوان ئافرەتو پیاو دامەزراون .

هەروەکو چۆن ئەمە دیاردەی ناو کۆمەڵگا دواکەوتووەکانە ، ئاواش دیاردەی وڵاتە سەرمایەدارەکانیشە ، ئەوەتا کچە قوتابیەکانی زانکۆکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بەئاشکرا دەڵێن : ( ئێمە ساڵێ یان دووساڵ کاردەکەین ، چونکە ئەمە باشترین ڕێگـەیە بۆشووکردن .. ئێمە کارمان بەلاوە گرنگ نیە ، بەڵکو ئەوەی بە گرنگی دەزانین شووکردنە ) (١)

ڕەنگە لای ئەوانیشو لای ئێمەش ، نموونەی ئەو ئافـرەتانە گەلێ زۆربێ کەلەپێناوی شووکردنا وازیان لەکارهێناوە .

* کۆمەڵ ڕێی بەکوڕ داوە ، ئەو کچەی نەیەوێ نەیهێنێ ، خۆئەگەر مارە براویشی بێ دەتوانێ تەڵاقی دات . ئەمە لەکاتێـکا کچ تا ئێستاش لەزۆر شوێنی کوردستاندا ، نەك هـەر قەدەغەیە خۆشەویستی بکات ، بەڵکو زۆر جار ئەو کوڕەی کە بۆی دەست نیشان دەکەن ،ئەگەر بەدڵیشی نەبێ ، دەبێ شووی پێ بکا . دەبێ مل کەچی فەرمانی باوكو براو کەسو کاری تریشی بێ .

هەرچەندە ئەم نەخۆشیە تا ئەندازەیەك بەرەو کـز بوون چووە

(١) جورج طرابيشي - المرأة والاشتراكية ل٢٦٠

بەڵام تا ئێستاش کەم ئافرەت هەیە خاوەنی ئارەزووی تەواوی خۆی بێ لەهەڵبژاردنی هاوسەری ژیانیا . وەکو دەریش دەکەوێ ئەوئافرەتانەش کەجارو بارە خاوەنی ئارەزووی خۆیانن لەمکارەدا هەرئەو ئافرەتانەن کەکاردەکەنو خاوەنی ئابووری سەربەخۆی خۆیانن . . هەروەکو لەپێشیشدا ووتمان ، دروستکەری جیاوازیەکان کۆمەڵە . . هەمیشە ئایینو دەزگا چەوسێنەرەکانی تریش لەپاڵپشتی وکۆمەکی کردنی کۆمەڵدا درێغیان نەکردووە . *

ئەگەرچی دەست نیشان کردنی جیاوازیەکان ، بەچەندخاڵێکی ئاوا کەم بەس نیە ، بەڵام هەرچۆنێ بێ ، لەچەند خاڵێکی ئاواشدابێ تا ئەندازەیەك بۆمان دەردەکەوێ کەچۆن کۆمەڵ دروستکەری جیاوازیەکانەو چەندیش ئایین پشتگیریو کۆمەکی کۆمەڵی کردووە لەم بوارەدا . . بێ گومان ئەوبەرزو نزمیانەی کەهەرلەکۆنەوە کەوتوونەتە نێوان ئافرەتو پیاوەوە ولەهەموو مەیدانەکانی ژیاندا ڕەنگیان داوەتەوە ، ئیمڕۆ هەروا بەئاسانیو لەپڕ لەناو ناچن ، بەڵکو پێویستیان بەکاتێکی زۆر وتوانایەکی زۆرتر هەیە . . ئەوەش داوا لەئافرەت دەکات کەپلەی یەکەم بەکاری بەرهەم هێنان هەڵسێ . پلەی دووەمیش بەشداری کاری ڕامیاریو شۆڕشگێری

* لێرەوە ، چەند لاپەرەیەك ، لەبەرئەوەی ڤیزای پەڕینەوەی ڕووباری چاپیان پێ نەبوو ، خنکان

میللەتەکەی بکات .

ماوتسی تۆنگ دەڵێ ( مانەوەی هەڵوەشاندنەوەی ڕژێمی تیرە گەری و زاڵ بوون بەسەر ئەفسانەکانی ئاینیدا و لەناوچوونی پەیوەندی زۆردارانەی نێوان ئافرەت و پیاو ، ئەنجامێکی سروشتی سەرکەوتنی تێکۆشانی ڕامیاری و ئابووریە . (١)

ئێمە لەکاتێکدا باسی ژێر دەستەیی و چەوساوەیی ئافرەتی کورد دەکەین ، ئەوەشمان لەبیرناچێ کەحاڵی ئافرەتی وولاتە سەرمایەدارەکانیش ئەوەندە لەباری ئافرەتی ئێمە باشتر نیە .

هەمووکاتێ دیموکراتیەتی بۆرژوا ، بەدەم مافی سەربەستی و یەکسانی دەدا ، بەڵام بەکردار هەمیشە پێچەوانەی ووتەکانی سەلماندوە . هەرچی دروشمێکیش بەناوی سەربەستی و یەکسانیە وە بەرزبکرێتەوە ، هەرلەپێناوی پاراستنی دامودەزگای سەرمایەداری و دەستەی فەرمان ڕەواو خاوەن دەسەلات دایەو هیچی تر .

( هەر لەمێژزەمانەوە ، نوێنەرانی بزوتنەوەی رزگاوی خوازی ناو وولاتە ئەوروپاییە ڕۆژئاوایەکان ، نەک هەردەیان ساڵە ، بەڵکو بەدرێژایی سەدەیەک ، داوای نەمانی یاسا کۆنەکان دەکەن و داوای یەکسانی باری ئافرەت بەباری پیاو دەکەن . بەڵام نەهیچ دەوڵەتێکی دیموکراسی ئەوروپایی و نەپێشکەوتوو ترین دەوڵەتی

---

(١) جورج طرابيشي - المرأة في التراث الاشتراكي ل٢٠٩

دنیا ناتوانێ ئەمداواکاریانە بێنێتەدی . چونکە هەتا سەرمایەداری بمێنێو هەتا ملکداریێ تایبەتی ، زەوی و کارگەو فابریقە بمێنن و هەتا دەسەلاتی سەرمایەدار بەردەوام بێ ، . پیاوان هەر خاوەنی ئیمتیازات دەبن . «١»

رەنگە هەبێ بلێ چۆن ئافرەت لەوولاتە سەرمایەدارەکانا سەربەست نیە ! ئەی ئەوە نیە لەشوێنێکی وەکو ئەمەریکادا ، لەگەورە ترین دەوڵەتی سەرمایەداریدا ، . سەربەستی کارکردن و جۆرەها سەربەستی تری هەیە .

راستە ، ئافرەت نەك هەرلەئەمەریکادا ، بەڵکو لەهەموو وولاتە سەرمایەدارەکاندا کاردەکات و گەلێ سەربەستی تریشی هەیە کە ئافرەتی ئێمە نیەتی و نەی بینیوە .

ئافرەت لەو وولاتانەدا کاردەکات ، بەلام هەمیشە رێـــژەی ئافرەتی کرێکار لەرێژەی کرێکاری پیاو کەمتـرە ( تا ئێستاش رێژەی ئافرەتی کرێکار لەدەورو بەری سێیەکی کرێکارانی ئەو وولاتانە تێپەر ناکات ) «٢»

جگە لەوەش ئەوکارەی ئافرەت لەو وولاتانەدا دەیکات ، هیچ کاتێ لەپێناوی گەشەکردنی توانای بیروادەی ئافرەتدا نیەوبەهیچ

---

(١) وەرگێرانی زینب - لینین والمرأة ل١٠٤
(٢) المرأة والاشتراكية ل٢٣٨

جۆرێ بۆمەبەسق پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی خێزانو کۆمەل نیە ، بەلکو لەپێناوی پڕکردنی گیرفانی سەرمایەدارو بۆرژوا۔ کانو لەپێناوی زیاد کردنی خەرمانی سامانی ئەوان دایەوەیچی دی.

لەهەرشوێنێ بێ، سەرمایەدارەکان لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیاندایە کەرێ بەکارکردنی ئافرەت دەدەن لەکارکەو کـۆمپانیەکانیاندا . چونکە سەرەرای ئەوەی دەتوانن ئاسانتر لەپیاو دەستیان بەسەرا بکرنو فەرمانیان بەسەرا دەرکەن ، پارەیەکی کەمتریشیان دەدەنێ لەچاو ئەوپارەیەی کەدەیدەن بەپیاو بۆئەنجام دانی هەمان کار ، تا ئێستاش لەپێشکەوتوترین وولاتی سەرمایەداریدا ، جیاوازی لەنێوانی ( کرێ ) ی کاری ئافرەتو پیاودا دەکرێ ، هەروەها جیاوازی لەوکارانەشدا دەکرێ کەبۆپیاو دادەنرێ ، لەوانەش کە بۆئافرەت ، لەگەل ئەوەشدا کە (کرێی وەکو یەك بۆکاری وەکو یەك ) لەدەستووری زۆربەی وولاتە بۆرژواکاندا بـڕیاری لەسەر دراوە .

ئەوەتائافرەتی کرێکار لەئەلمانیای رۆژئاوادا لە ٦٠٪ ی ئەو کرێ یە وەردەگرێ کەبۆهەمان کار دەدرێ بەپیاو .

لەئەمەریکاشدا دەگـاتە لە ٥٨٪ ی کـــرێی پیـاو . . لە فەرەنساشدا لەنێوان ٦٥ـ٨٦٪ ی کرێی پیاو وەردەگرێ .

بەکورتی سەرمایەدارەکان ، بەگـــوێرەی ئەوبارە رامیاریو

ئابووری یەی لەوولاتەکانیاندا بۆیان ڕەخساوە ، بەشێوەیەکی ئاسانتر وبەپارەیەکی کەمتر لەپیاو ، دەتوانن ئافرەت لەکارەکانیاندا بەکار بهێنن .

بۆئەوەی زیاتر ئەم مەسەلەیە یەکالا کەینـــەوە ، چاک وایە سەرنجێکی ووتارەکەی ( ڕۆزالین کارتەر ) ی خێزانی سەرۆکی ئەمەریکا بدەین کەبەبۆنەی ٥٨ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر گـۆڕینی دەستووری کۆنگریسی ئەمەریکی دا خوێندیەوە ، لەو ووتارەدا ، ڕۆزالین دەری دەخات کەتا ئێستاش لەزۆربەی مەیدانەکانی ژیاندا ، ئافرەتی ئەمەریکایی دووچاری جیاوازی و نایەکسانی دەبێ لەگەل پیاودا .. هەروەها ئەوەشی ڕوون کــــردەوە ، کەبێ ئیشی لەناو ئافرەتاندا ، دووئەوەندەی بێ ئیشی ناوپیاوانە . ئەوەشی ڕاگەیاند کەمافی هاوتایی و یەکسانی ئافرەتی ئەمەریکی لەگەل پیاودا ، تەنها لەسەر کاغەز پارێزراوە وهیچی تر .. (١)

ئەمە دەربارەی ئەمەریکای سەرمایەداری ، خـۆ ئەگەر هەر وولاتێکی سەرمایەداری تریش بگرین ، ڕەنگە جیاوازیەکی ئەو تۆی لەگەل ئەمەریکادا نەبێ .

جارێکی کەش دەلێین ، ئەگەر گەشەکـردنی پیشەسازی لەو وولاتانەدا بووبێتە هۆی ئەوەی کەژمارەیەکی زیاتر لەجەماوەری

(١) طریق الشعب ژمارە ١٤٨٨ ساڵی ١٩٧٨

ئافرەتان ،ماڵەوە بەجێ بێڵن‌و ڕووبکەنە مەیدانەکانی کار کردن ، کـەر بووبێتە هۆی ئەوەی کەتا ئەندازەیەک لەڕووی ئابووری‌یەوە سەبەخۆبن . ئەبۆتە هـۆی ئەوەی کەلەڕووی کـــۆمەڵایەتی‌و ڕامیاری‌و ڕۆشنبیری‌یەوە لەگەل پیاودا یەکسان بن ولەپاشکۆیەتی پیاو دەرچن .

مانەوەی یاساو ڕەوشتە چەوسێنەرەکان وەکو خۆیان وکارکردنی ئافرەتیش لەسێبەری ئەویاسایانەدا ، بۆتە هۆی چەوسانەوەی زیاتری ئەوئافرەتانەی کاردەکەن . چونکە ئەمانیش ، هەروەکو ئافرەتانی لای خۆمان ، سـەرەڕای ئەوەی لەدەرەوەی ماڵیش کاردەکەن ، کاروباری ناوماڵیشیان هەربەملەوەیە . کەئەمە دەڵێـین وەنەبێ مەبەستمان ئەوەبێ کەئافرەتی ئەوێ‌و ئافرەتی ئێرە وەکو یەکن .. بەهەرحاڵ ، هەرچۆنێ بێ ئەوان پێشکەوتوو ترن . ئەوان‌هەنگاوی زیاتریان بەرەو سەربەستی ناوە . چونکە ئەودۆخەی ئەوان تێیدا دەژین ، زیاتر پاڵیان پێوە دەنێ کەبەشوێن چارە سەرا بکەڕێن‌و زیاتر هەوڵی وەدی هێنانی یەکسان‌و سەربەستی بدەن .

ئەمە چاوکێڕانێکی زۆر کەم‌و خێرابوو بەحاڵی ئافرەتی‌وولاتە دواکەوتووەکان‌و وولاتە سەرمایەدارەکاندا ، بۆئەوەی چەند ووشە‌یەکیش ، دەربارەی ئافـرەت لەرژێمی سۆشیالیستی‌دا بنووسین . باشتر وایە بۆسـەرەتای باسەکەمان بکەڕێینەوە ، بۆئەوەی بزانین

کەچۆن سەرهەڵدانی ملکداریتی تایبەتی هۆیەکی سەرەکی بوو، لە پەیدابوونی نایەکسانی نێوان ئافرەت و پیـــاودا ولەشێـواندنی پەیوەندییە مرۆڤایەتیەکانی نێوانیانداو لەدابەش بوونی کـۆمەڵ و پەیدا بوونی چینەکانی کۆمەڵ . .

یەکێ لەخاسیەتە دیارەکانی ڕژێمی سۆشیالیستی لەناوچـوونی چینایەتی و وێك هاتنەوەی مەودای ملکداریتی تایبەتی و بوونی سەر بەستی و یەکسانی تەواوی نێوان و ئافرەت و پیاوە . . بۆیـە بەوە دیواری جیاوازیەکانی نێوان ئافرەت و پیاو دەڕوخێ وهەوری ئەو بەرزی و نزمیانەش کەلەووڵاتە سەرمایەدارو دواکەوتووەکاندا هەیە بەرەو ڕەوینەوە دەچێ .

لەم ڕژێمەدا ، ئافرەت مرۆڤە ، ئافرەت خاوەنی خودوئابووری سەربەخۆی خۆیەتی . . ڕۆڵی تەواوی خۆی لەپێشخستنی کۆمەڵ و شارستانیەتی نوێدا دەبینێ . . تەنها لەم ڕژێمەشدایە سەربەستی و یەکسانی لەبواری ووتەو دروشم دەردەچن و دەچنە مەیدانی کار پێکردنەوە .

ئەوەتا لەزۆربەی ووڵاتە سۆشیالیستەکاندا ، لەگەڵ کـورتی تەمەنیشیاندا ، ئافرەت بەزۆربەی مافە ئابووری و ڕامیاری و کۆمەڵا یەتی و ڕۆشنبیریەکانی خۆی شاد بووە ، هەروەها لەژێـر ئاسمانی سەربەستی و یەکسانیشدا نیـــوەی سامانی نیشتمانی ئەو ووڵاتانە

ئافرەت بەرھەمی دەھێنێ .. لەم وڵاتانەدا ، ئافرەت بەکردەوەو کار نیوەی کۆمەڵە نەك ھەر بەژمارە . لە زۆربەیاندا ڕێژەی ئافرەتی کرێکار خۆی لەنیوەی ڕێژەی سەرجەمی کرێکارانی ئەو وڵاتانە دەدات . بۆنموونە لەشوێنێکی وەکو سۆڤیەتدا ، لە ٥٠٪ی ھێزی کرێکاری وڵات ئافرەتن . ئافرەت لەھەموو شوێنێکا ولە ھەموو کاتەکانی شەوو ڕۆژدا کاردەکات ..

لەم وڵاتانەدا ، ئافرەت توانیویەتی بەھۆی بەشداری کردنی تەواویەوە لەکاری بەرھەم ھێناندا و ڕزگاربوونی لەژێر دەستی سەرمایەداریدا ، دووقۆناغی سەرەکیو گرنگی ڕێی سەربەستی ببڕێ .

کاری بەرھەم ھێنان ، پاڵی بە ئافرەتەوە ناوە ، چیتر بەکاری تایبەتی ناومالەوە خەریك نەبێ ، بەڵکو وای لێ کردوە کە ڕوو بکاتە مەیدانە جۆر بەجۆرەکانی کارکردن وکاری تایبەتی ناومالیش ببێ بەچالاکیەکی گشتی ناوکۆمەڵ ( بۆئەوەی ئافرەت بەتەواوەتی ڕزگاری ببێو بەڕاستی یەکسان بێ بەپیاو ، پێویستە کاروباری ناومال بکرێ بەچالاکی گشتیو پێویستە ئافرەت بەشداری بەرھەم ھێنانی کۆمەڵایەتی بکات . ) «١»

ئەومەرجانەی کەسەربەستیو یەکسانی ئافرەتیان لەسەر کیرە ،

---

(١) لینین والمرأة ل١٠٨

هەموویان لەڕژێمی سۆشیالیستیدا هەن . هەرلەبەر هونەری ئەو مەرجانەشە کەڕژێمی سۆشیالیستی توانیویەتی مافی سەربەستی و یەکسانی بۆهەموو ئەندامەکانی کۆمەڵ زامن بکات . توانیویەتی بیسەلمێنێ ، کەدەتوانێ جێی هەموو ڕژێمە چەوسێنەرە یەك لە دوای یەکەکان بگەڕێتەوەو لەووزەیدا هەبێ دوا ڕەگی چەوسانە وەی مرۆڤ هەڵکێشێ .

نهێنی ئەمەش لەوەدایە ، کەتاکە ڕژێمێکە توانیویەتی بەشێوە- یەکی زانستیانە چارەسەری هەموو گیروگرفت و کێشە جۆراو جۆرەکانی تری ناوکۆمەڵ بکات ، کەلەهیـــچ ڕژێمێکی تردا نەتوانراوە پەییان پێ بەرێ .

بۆیە ناچارین بڵێین ، خەبات و تێکۆشان لەپێناوی هەرەس پێهێنان و کۆڕ کردنی دکتاتۆریەتی سەرمایەداری و هەوڵدان لەپێناوی سەپاندنی دەسەڵاتی چینی کرێکاردا ، (واتەلەپێناوی دامەزراندنی سۆشیالیستیدا ) . خەبات و هەوڵدانە لەپێناوی ڕزگاری کۆمەڵدا ولەپێناوی هێنانەدی خۆری ڕزگاری و سەربەستی مرۆڤدا .

کەئەمە دەڵێین ، بەهیچ جۆرێ مەبەستمان بازی زل وەهەنگاوی کوێرانە نیە ، چونکە نامانەوێ لەپەلە پەلیدا ڕەتەڵەك بەرین و بە هەڵدێری هەلەشەیی و نەزانیندا خلۆر ببینەوە .

وەکو ڕاستیەکیش لەبەرچاومانـە ، کەدامەزراندنی بەپەلەی

سۆشیالیزم ، بۆ ئەوەی دۆخ و هەل و مەرجی خۆی و دەرەوەی پێ بگەن ، بەتایبەتی لای وولاتە دواکەوتووەکان و لای میللەتە ژێر دەستەکان ، کارێکی فرە ستەمە ، خۆئەگەر مەحاڵ نەبێ ، بەڵام هەرچۆنێ بێ ، دامەزراندنی سۆشیالیزم ئامانجێکی دوورترمانە و دەبێ هەر لە ئێستاوە خۆمان بەرێبەواری سەودا سەری ئەو ڕێبازە بزانین کەبەرەو باوەشی سۆشیالیزممان دەبات .

نابێ ئەوەمان لەیاد چێ کەشۆڕش کارێکی بەپەلەو سەرەڕێیی نیەو بەتەکانێ ئەنجام نادرێ . دەبێ ئەوەمان لەبەرچاوبێ کە شۆڕش لەبەرپابوون و بەردەوام بوونیدا بەچەند قۆناخێکی جودادا ڕەت دەبێ . هیچ کاتێکیش ناتوانێ پێ بنێتە قۆناخێکی نوێوە هەتا قۆناخێکی پێشتر نەبڕێ و پێیدا ڕەت نەبێ .

ئەو قۆناخەش کەئێمە دەبێ پێیدا ڕەت ببین ، پێش ئەوەی بگەینە قۆناخی سۆشیالیستی ، بێگومان قۆناخـــی دیموکراسی میللیە ، کەبەشۆڕشی نیشتمانی دیموکراتی ئەنجام دەدرێ . بۆ ئەوەی ئەوشۆڕشە نیشتمانیە دیموکراتیەی ئێمە کەرەکمانە تێکەل بەشۆڕشی دیموکراتی بۆرژوا نەبێ ، باشتر وایە شتێ دەربارەی شۆڕشی دیموکراتی بۆرژوا بزانین .

شۆڕشی دیموکراتی بۆرژوا ، ئەوشۆڕشەیە کەبەرابەری چینی بۆرژوا لەپێناوی هێنانەدی دیموکراسیدا خەبات دەکات ، ئەم

شۆڕشە یەکەم شۆڕش بووە لەمێژوودا دانی بەسەربەستی و یەکسانی وسروشتایەتی ئافرەتدا نابێ ، بەڵام هیچ کاتێ ئەم شۆڕشەو نە هیچ شۆڕشێکی تری بۆرژوا ، نەیتوانیوەو ناتوانێ چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتیەکان بکات . هەمیشە لەبەردەم مەسەلەی ئافرەتیشا دەستەوسان وەستاون . چونکە بەگوێرەی ئەو سیفاتە تایبەتیانەی ئەم تەرحە شۆڕشانە هەیانە ، ناتوانن بەشێوەیەکی زانستی و ڕیشەیی ، چارەسەری تەواو بۆئەم کێشە ئاڵۆزەو تەمەن درێژە بدۆزنەوە .

لەشۆڕشی دیموکراتی بۆرژوادا ئەگەرچی ، لەسەرەتادا ، شۆڕش هەندێ گۆڕانکاری بەپەلەو پێشکەوتوو خوازانە دەکات ، بەڵام دوای ماوەیەك وورده وورده لەدەسکەوتەکانی کەمدەبێتەوە ، هەتا لەهەندێکیشیان پاشگەز دەبێتەوەو بەرژەوەندی چینی بۆرژوا پێش بەرژەوەندی میللەت دەکەوێ و هەمیشە تێڕوانین و هەڵوێستە بۆرژواییەکان زیاتر ڕێزیان لێدەگیرێ ، خۆمەسەلەی سەربەستی ویەکسانیش ئەوا لەووتە بەولاوە هیچی تری لەبارا نامێنێ چونکە هەموو کاتێ چینی بۆرژوا ، لەقۆناخی ژێر دەستەییدا ، چینێکی شۆڕشگێڕەو دژی زۆرلێکراندو چەوسانەوەو جیاوازیە ، هەروەها هەڵگری ئاڵای سەربەستی و یەکسانی و ژیانی دیموکراسی و مافی چارە نووسە ، بەڵام بەگوێرەی سروشتی چینایەتی خۆی ، لەدوای

سەرکەوتن و دەست بەسەرا گرتنی دەسەڵاتی ڕامیاری وولاتدا ، بەجارێ لەبیرو باوەڕو داواکاریەکانی پێشووی هەڵدەگەڕێتەوە بەو جۆرە لێکی دەدانەوەو ڕەفتاری پێدەکات کەلەگەڵ بەرژەوەندی ودەسکەوتی چینایەتی خۆیدا بگونجێ .

ئەوی ڕاستی بێ ، ئەم جۆرە فەلسەفانە لەبەرئەوەی تێڕوانینێکی قووڵ و زانستیانەیان بەرامبەر بەکێشەی ئافرەت و کێشەکۆمەڵایەتی وئابووری و ڕامیاریەکانی تر نیە . لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی بنجی وتەواو پەنجەیان خستە سەر دواچووزەرەی سەرهەڵدانی چەوساندنەوەو پەیدابوونی ناکۆکیەکانی ناوکۆمەڵ ، لەبەرئەوەی ناتوانن هەوڵی ڕامالینی دوا پاشماوەی هەموو خوو ڕەوشت و نەریتە کۆنەکانی میراتی ڕژێمی دەرەبەگایەتی بدەن و هیچ کاتێ هەوڵی هەڵتەکاندنی ئەوبیرو باوەڕانە نادەن کەلەسەر بنچینەی جیاوازی داڕێژراون و لەپێناوی بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی نوێ و ڕژێمی سۆشیالیستی دا ملی ڕێبازی خەباتێکی درێژ خایەن ناگرن ، بۆیە ئەم جۆرە فەلسەفانە ، تێکڕا لەبەردەمی هەورازی ئاواتەکانی کۆمەڵدا دادەمێنن وناتوانن دروشمەکانیان بکەن بەکردار .

ئاوڕدانەوەیەك بۆمێژووی شۆڕشی فەرەنسا -١٧٩٢- ئەوڕاستیە دەردەخا ، کەشۆڕشی دیموکراسی بۆرژوا ، بەهیچ کلۆجێ نەیتوانیوە مەسەلەی ئافرەت چارەسەر بکات .. ئەگەرچی شۆڕش

بەووتەو دروشم مافی سەربەستی و یەکسانی ئافرەتیشی بەرز کردەوە .
ئەگەرچی ئافرەتیش بەشداری شۆڕشی کــــردو ئەویش وەك شۆڕشگێرە پیاوەکان ، تووشی کیران و ئازاردان و خنکاندن و کوژران و جۆرەها پەلاماری درندانەی تری فەرمان ڕەواچەوسێنەرەکان بوو .. ئەگەرچی ئافرەت ڕۆلی گرنگ و سەرەکیشی لەسەرکەوتنی شۆڕشدا بینی .. بەلام ، لەبەرئەوەی شـۆڕش بۆرژوا ڕابەرایەتی دەکرد ، بۆیە نەیتوانی ئەومافی سەربەستی و یەکسانی یەی کەلەکاتی شۆڕشا بەدروشم داوای دەکرد .. بیهێنێتە دی .

کەئەمە دەلێین وەنەبێ ، هەموو دەسکەوتێـکی تری شۆڕش ڕەت کەینەوە . . نالێین ئافرەت هیچی بەهیچ نەکردو بەهیـچ جۆرێ باری ئافرەت گۆڕانی بەسەردا نەهات . نەخێر ، گۆڕان ڕوویدا ، بەلام گۆڕانەکان وەك پێویست نەبوون کەدەبووبکرایە.. ئەوگۆڕانانەش کەکران بۆبەشداری ئافرەت خۆی دەگەڕێتـەوە ، خۆئەگەر ئافرەت خۆی بەشداری شۆڕشی نەکردایە ، ڕەنگەئەو گۆڕانانەش نەهاتبانە دی . کەواتە مەسەلەی شۆڕش و هێنانە دی سەربەستی و یەکسانی ، تەنها بەئافرەتەوە بەند نیەو بەس ، بەلکو بەچۆنیەتی بەشداری ئافرەت و بەسروشتە تایبەتیەکانی ئەوشۆڕشە یان ئەو بزوتنەوەیەشەوە بەندە کەئافرەت بەشداری تێدا دەکات .

بەجۆرێکی تر ( ڕادەی وەدەست هێنانی سەربەستی و یەکسانی

بۆئافرەت بەچۆنیەتیو بەرادەی بەشداری ئافـرەتەوەو بەئامانج و سروشتە تایبەتیەکانی شـۆڕشەکە ( یان بزووتنـەوەکە ) وە بەستراوەتەوە ) .

لەجەزائیردا ، پێش سالّی (١٨٥٥) یش ئافرەت بەشـداری شۆڕشی دەکرد ، بەلام ڕادەی بەشداریەکەی زۆر کەم بوو. جگە لەوەش ، ئەوکارانەشی پێ نەدەسپێردرا کەشۆڕشگێرە پیاوەکان پێی هەلّدەستان ، ئەمە لەکاتێکا زۆربەی شۆڕشگێرە پیاوەکان ، ڕێیان لەبەشداری ئافرەت دەگرت .. کاری چەکـدارانەو زۆر کاری تری شۆڕشیان بەکاری ئافـــرەت نەدەزانی ، سـەرەڕای ئەوانیش ، دوژمنەکانی شۆڕش و داگیرکەرە خوێن مژەکان ، بە هەموو شێوەیەك هەولّی دوورخستنەوەی ئافرەتیان دەدا لەشۆڕش دا دەهاتن ناشیرین ترین ووشەیان دەخستە دوای ئەو ئافـرەتانەی بەشداری شۆڕشیان دەکردو بەبێ ئابروو کەم ڕەوشت وسۆزانیان ناو دەبردن و هەمیشە سوپاس و ستایشی ئەوئافرەتانەشیان دەکرد کەلەداب و دەستوری باب و باپیرانیان دەرنەچوون و خۆیان لەکاری پیاوان هەلنەقورتێنن وئاغەلی مالّەوە بەجێ ناهێلن .

بەمە دەیانەویست ، نیوەی جەماوەر لەشۆڕش دابڕن ، هەتا شۆڕش نەتوانێ سەرکەوێ و ئەمانیش بتـــوانن خزمەتی ئامانجە گلاّوەکانی خۆیان بکەن ، لەچەوساندنەوەو دەست بەسەرا گرتنی

میللەتاندا و لەتالان کردنی سامان و بەرووبوومیاندا .

ئەوبارە ناڵەبارەی کەلی جەزائیری تێدا دەژیا ، شۆڕشی ناچار کرد کەبۆ یەکەم جار لەساڵی (١٩٥٥) دا بڕیارێ دەرکاو تیایا داوای بەشداری تەواوی ئافرەت بکا لەشۆڕشی ڕزگاری نیشتمانی دا .

کەبڕیارەکە دەرچوو لەپێشا ڕوو لەژنی پێشمەرگەکان کرا .. دوای ئەمانیش بێوەژن و ژنە بێمێردەکانی تر .

ئەمە دۆخێکی لەباری هێنایە کایەوە بۆئەوەی کچانیش دوای ئەمان بەشانازیەوە بەرەو پیری بڕیارەکە بچن و (بەرەی ڕزگاری نیشتمانی ) ش ناچار کەن کە ڕێی بەشداری تەواوی ئافرەتی جەزائیر بدات .

ئەم بڕیارە ڕێبازی بەشداری ئافرەتی فراوانتر کرد ، بەمە زیاتر توانیان شان بەشانی پیاوان بجەنگێن و بەتوانایەکی زۆرەوە بەشداری خەباتی ڕزگاریخوازی میللەتەکەیان بکەن، بەمەش زیاتر شۆڕشیان بەرەو سوێنگەی ڕزگاری برد .

بەم شێوەیە توانیان بیسەلمێنن کەئافرەت بەهێزەو لەتوانایدایە بەشداری شۆڕش بکا . سەلماندیان کەئافرەت ، هەمیشە لەپێشەوەی ئەو کەسانەدان کەخۆیان دەهاوێنە ئامێزی شۆڕشەوەو بەشانازیەوە بەرەو پیری ئەوبڕیارانە دەچن کەداوای بەشداری ئافرەت دەکەن لەشۆڕشا .. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کەئافرەت لەژێر باری

چەوسانەوەیەکی زۆرا دەنالێنێو ئازارەکانی وای لێ دەکەن کە زیاتر لەهەموو کەسێ شەیدای بەشداری شۆڕش بێ ، چونکە دەزانێ ڕزگاری ئافرەت بەڕزگاری کۆمەڵەکەیەوە گرێ دراوە ، بۆیە ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەی ئافرەتە شۆڕشگێڕەکانی شۆڕشی جەزائیر لەپەرەسەندندا بوو .

بەم جۆرە توانیان گەلێ گۆڕان لەباری ڕامیاریو سەربازیو کۆمەڵایەتی وولاتەکەیاندا بێننە کایەوە .

هەرئەم جۆرە گۆڕانەش ، بوون بەهۆی گۆڕانی پەیوەندیەکانی نێوان ئافرەتو پیاو، چ لەخێزان داو چ لەناو کۆمەڵیش دا .

شۆڕش ئافرەتی ناچار کرد ، کەوەك پیاو زۆر شەو لەدەرەوەی ماڵەوەدا بمێنێتەوە ، وای لەئافرەت کرد کەئەویش پال بداتە شاخو لەچواردیواری ماڵەوە دووربکەوێتەوە .

هەرچەندە لەسەرەتادا ، کەسو کارەکان ئەمشێوە بەشداریەی ئافرەتیان بەکارێکی دروست نەدەزانی ، بەڵام سووربوونی ئافرەتان لەسەر خەباتو بەردەوامی شۆڕش ، ئەمانیشی ناچار کرد کە نەك هەربەکارێکی نادروستو شووره‌یی نەزانن ، بەڵکو بوو بە کارێکی ئاسایی‌و پێویستو پیرۆز . چونکە بەچاوی خۆیان دەیان دی ، کەهەر کچەکانی ئەمان نین ، بەڵکو ئافرەتی تریش هەن لە هەمان تاقی کردنەوەدانو هەمان ڕێبازیان گرتووە .

بەم شێوەیە شۆڕش توانی پێوانە کۆنەکانی ڕەوشتو شەرەف تێك شکێنێو پێوانەی نوێ بێنێتە کایەوە .. بەمەش شێوەیەکی نوێ لە ڕزگاریو سەربەستی ئافرەت ، لە بارو دۆخێکی تایبەتی وولاتدا ، سەری هەلدا کە زۆر جودا بوو لەو سەربەستییەی ، داگیر کەرەکان لەگەل خۆیاندا هێنابوویان .

کەچی بەداخەوە ، . ئەو هەنگاوە مەزنانەش کە بەرەو ڕووی ڕزگاری ئافرەت نرابوون لە سەردەمی شۆڕشدا ، کاتێ شۆڕش لە بواری ڕامیاریدا سەرکەوت ، بەرەو دواوە گێڕدرانەوەو جارێکی کەشو دووبارە ئافرەت بۆناو بەندیخانەی مالەوە ڕاپێچ درایەوە . کاروباری تایبەتی ناومالی بۆ کرایەوە بەکارە سروشتییە پیرۆزەکەی جارانیو لەکاری بەرهەم هێنانی کۆمەلایەتیو لە دەسکەوتەکانی شۆڕش بێبەش کرا .

ڕەنگە لای زۆر کەس ، ئەم ئەنجامە کۆدەتایەکی سەیربێ ، بەلام لە ڕاستیدا سەیر نییە ، بەلکو ئەنجامێکی ئاساییو سروشتیو چاوەڕوان کراوی ئەوشۆڕشەو هەموو شۆڕشێکی تری ئاوایە .

ئەمەش ، هەروەکو وتمان ، دەگەڕێتەوە بۆ ئامانجو سروشتە تایبەتییەکانی شۆڕش .

شۆڕش گرنگیەکی ئەوتۆی بەبەشداری ئافرەت نەدابوو ، .. ئەو بەشدارییەش کە ئافرەت کردی ، سەرەتا لەخۆیەوەو بەهاندانی

پشتگیری کردنی هەندێ لەپیاوە پێشکەوتوو خوازەکانی ناو (بەرە) وە دەستی پێ کرد . خۆئەگەر باری رامیاری شۆرشـــی ناچار نەکردایە ئەوا ( هەربریارەکەش ) لەدایك نەدەبوو .

کەبریارەکەش لەدایك بوو ، شۆرش خاوەنی ئایدۆلۆژیەتیکی زانستیو تەواو نەبوو بەرامبەر بە مەسەلەی ئافـرەتو ریکخستنی بەشێوەیەکی ریكو پێك لەخەباتی نیشتمانیدا . .

هەروەها پەرەسەندنو گەشە کـــردنی لایەنی چەکـداریو شۆرشگێری ئافرەت وفەرامۆش کردنی گەشە کـردنی لایەنەکانی ئابووری وەچارەسەرنەکردنی هەموو ئەوکۆسپانەی دەهاتنە رێی کاری بەرهەم هێنانی ئافرەت وە فەرامۆش کردنی ئەو داواکاریا- نەی کەزیاتر تایبەتی بوون بەئافرەتەوە . . روون نەکردنەوەی تێروانینو ئامانجەکانی شۆرش، بەرامبەر بەداواکاریو ئامانجەکانی ئافرەت . . رێرەوی بۆرژوایانەی شۆرش هـۆی ئاشکـرای ئەم کۆنایی یە بوون .

رزگاریو یەکسانی بوونی ئافرەت بەپیاو ، هەربەوە پێك نایە کەلەقۆناغی خەباتدا سەرپێ پیانە باسی سەربەستیو یەکسانی بکریو هیچی تر . . چـــونکە مەسەلەی ئافرەت ، مەسەلەیەکی گرنگەو تەنها بەووتەو دروشمی زل زل چارەسەر ناکریوپێویستی بەبەرنامەو تێروانینی تایبەتی هەیە . وەك چۆن پێـویستە لەسەر

شۆڕش لەپێناوی سەرکەوتنی شۆڕشدا ، دان بەبەشداری تەواوی ئافرەتا بنێ لەهەموو مەیدانەکانی ڕێکخستن‌و خەبات تابڕوای بە یەکسانی ئافرەت‌و پیاو هەبێ لەهەموو مەیدانەکانا والەهەمووماف‌و ئەرکێکدا ، ..

ئاواش پێویستە بەرنامەی کاری ئافرەت بەشێکی کاریگەرو گرنگی بەرنامەی گشتی شۆڕش بێ ، بۆئەوەی وەك بەلگەیەکی تیۆری وابێ‌و بەگوێرەی ئەوبەرنامەیە سوود لەبەشداری ئافرەت‌و تەواوی شۆڕشگێڕەکانی تر ببینرێ .

بەهەرحاڵ ، نابێ شۆڕش کۆمەڵێ ئایدۆلۆژی دژ بەیەك‌وجیا جیا خڕکاتەوە سەریەك‌و مەسەلەی ئافرەتی پێ بنرخێنێ‌و نابێ ئەوە فەرامۆش کرێ کەبوونی زەمینەی ئایدۆلۆژیەتیەکی زانستی بۆ مەسەلەی ئافرەت مەرجێکی پێویستی شۆڕشە .

با ئەوەشمان لەبیرنەچێ کەنابێ خەبات کردن لەپێناوی داوا کاریە تایبەتیەکانی ئافرەت لەسەر حسابی شۆڕش‌و هێڵی گشتی شۆڕش بێ ، بەڵکو دەبێ پەیوەندیەکی توندو تۆڵ‌و بەتین لەنێوان بەرژەوەندی گشتی شۆڕش‌و لەنێوانی داواکاریە تایبەتیەکانی ئافرەتدا هەبێ .

ئەوانەی خۆیان بەشۆڕشگێڕ دەزانن‌و دەیانەوێ داواکاریەکانی ئافرەت لەبەرنامەو پرۆگرامی شۆڕش وەدەرنێن ، بەبیانووی ئەوەی

گوایە باری شۆڕش جارێ کونجاو وپێگەیشتوو نیە بۆئەم جۆرە داواکاریانەو شتی گـــرنگتر هەیە .. ئەوانەش کەداوکاریەکانی ئافرەت دەخەنە سەرەو بەرژەوەندی گشتی شۆڕشەوە هەردوو لایان هەڵەن .

هەڵویستی شۆڕشگێرانە دەبێ هەردووکیان بەیەکەوە گرێداو لەپێناوی هەردووکیاندا خەباتی بەردەوام بکات . چونکە هێنانە دی هەندێ لەداواکاریە تایبەتیەکانی ئافرەت لەسەردەمی شۆڕشدا، پاڵپشتیەکی زۆرە بۆشۆڕش ، هەتا شۆڕش زیاتر بەتەنگ مەسەلەی ئافرەتەوە بێو زیاتر پشتگیری خەباتیان بکات ، بەمە زیاتر ڕێ بەبەشداری ئافرەت دەداو زیاتر کەڵك لەهێزو توانای شاردراوەی ئافرەت وەردەگرێ . توانای بەشـــداری ئافـرەتیش لەخەباتو ڕزگاری نیشتمانیدا بەکۆمەڵی ئەوکۆڕانە شۆڕشگێریانەوە بەندە کەبەسەر کۆمەڵدا دێن .

شۆڕش چەند بتوانێ لەڕادەی کـۆتو پێوەندەکانی ئافرەت کەم کاتەوە ، چەند بتوانێ کۆسپەکانی ڕێی بەشـداری ئافرەت تەخت کات ، چەند بتوانێ تێگەیشتنو پەیوەندی نوێ بێنیتە نێوان ئافرەتو پیاوەوە . . ئەوەندەش زیاتر بەرەو پێشەوە دەچێو پتر لەئاواتو ئامانجەکانی میللەت نزیـك دەبێتـەوە . هەروو بەرەو پێشەوە چوونێکی شۆڕشیش نزیك بوونەوەی ڕزگاری کۆمەڵە ..

نزیك بوونەوەی ڕزگاری ئافرەتە .

هەرقۆناخێکیش لەقۆناخەکانی تێکۆشان دەسکەوتی تایبەتی لەگەڵ خۆیدا دێنێو خاوەنی تایبەتیەتی خۆیەتی . . لەبەرئەوە ، هەروەکو لەپێشیشدا ووتمان ، نابێ ، پێش ئەوەی هەڵو مەرجی خۆیی و دەرەوەی کۆمەڵ پێبگەن ، بەهیچ شێوەیەك باز بەسەر هیچ قۆناخێکا بدرێ ، بەمەبەستی گەیشـــتنە سەربەستی و یەکسانی تەواو .

لەقۆناخی شۆڕشی نیشتمانی و دیموکـــراتیشا ، ناتوانرێ ، ڕزگاری تەواو بۆئافرەت بهێنرێتەدی ، بەڵام دەتوانرێ کۆمەڵێ دەستکەوت وەدەست بێنن کەدەبنە هۆی کەم کردنەوەی ڕادەی چەوسانەوەو ژێردەستەیی ئافرەت و دەشێکات بەئەندامێکی بەرهەم هێنەری ناوکۆمەڵ ، بەوەی کەدان بەیەکسانی تەواوی نێوان ئافرەت و پیاوا دەنێ . .

گرنگی ئەم شۆڕشە لەوەدایە کەکـــۆمەڵ دەباتە قـۆناخی دیموکراسی میللیەوە . . کەئەمەش پردی پەڕینەوەیـــە بەرەو سۆشیالیستی تەواو ( سۆشیالیستی زانستی )

دامەزراندنی سۆشیالیستی ئامانجی ستراتیژی شۆڕشی دیموکراتی نوێیە . هەرئەم شۆڕشەشە کەلە کۆمەڵگایەکی نیمچە دەرەبەگایەتی و نیمچە کۆلۆنی وەك کۆمەڵگای کوردەواری خۆماندا ، لە

ئەنجامی هێنانەدی گرنگیو داواکاریە دیموکراتیانەکانیدا دەبێ بەشۆڕشی سۆشیالیستی . لەکۆمەڵگایەکی وەك کۆمەڵگای ئێمەدا جگە لەورێبازە هیچ ڕێبـــازێکی دیکە نیە بۆ دامەزراندنی سۆشیالیستی ڕاستەقینە .

کۆمەڵ ناتوانێ پێ بنێتە قۆناخی سۆشیالیستیەوە ئەگەر هەردوو ئامانجە سەرەکیەکەی شۆڕشی نیشتمانی دیموکراتی نەیەنەدی کەئەوانیش ئەمانەن :

١ ـ سەرکەوتن بەسەر ئیمپریالیزمدا ، کەڕێگری گەشەکردنی ئابووریو ڕامیاریو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیری میللەتانە .

٢ ـ سەرکەوتن بەسەر دەرەبەگایەتیو بـــۆرژوازی کۆمپرادۆریدا ، کەئەوانیش ڕێ لەگەشەکردنی هێزی بەرهەم هێنەرو گەشەکردنی ئابووری نیشتمانی دەگرنو دەبنە کۆسپی سەختی ڕێی نشو نما کردنی هێزی کرێکارو بنیاتنانی پێداویستەکانی ئابووری ڕژێمی سۆشیالیستی .

تێکۆشان لەم قۆناخەدا ( قۆناخی ڕزگاری نیشتمانی ) تێکۆشانێکی نیشتمانیو دیموکراتیە تێکۆشەرە شۆڕشگێڕەکان ، ڕوو بەڕووی بەجێ گەیاندنی ئامانجە سەرەکیەکانی شۆڕشی نیشتمانی دیموکراتی دەبنەوە ، ئەویش بەهۆی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیو بەگوێرەی یاساکانی گەشەکردن کەدابینکەری ڕەوتی گەشەکردن

وگۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان .

خەباتی نیشتمانیش سەرکەوتن وەدەست ناهێنێ و ناشتوانێ ئامانجە سەرەکیی و پێشکەوتوو خوازەکانی بهێنێتە دی ، ئەگەر نەبێ بەشۆڕشی نیشتمانی دیموکــراتی و .. ئەگەر بەپێشەوانی چینە چەوساوەکانی گەل دژی ئیمپریالیزم و دەرەبەگ و کۆنەپەرست و خۆفرۆشەکانی تر .. ڕێبازی خەباتی چەکدارانە نەگرێتە بەر .

هەرچەندە ، ئەم شۆڕشە لەسەرەتای دا ، لەوولاتە کۆلۆنی و نیمچە کۆلۆنییەکاندا ، لەشۆڕشی دیموکراتی بۆرژوا دەچێ ، بە تایبەتی لەسروشتە کۆمەڵایەتییەکانیدا و لەوەی دا کە ڕێ لەبەردەم گەشە کردنی سەرمایەداری دا خۆش دەکات ، بەڵام هەرگیز ئەو شۆڕشە نییە کە بۆرژوا پێشەوایەتی دەکا و لەپێناوی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری دا و بۆپێکهێنانی دەوڵەتی سەربەدیکتاتۆریەتی بۆرژوا خەبات بکات . بەڵــکو شۆڕشێکی نوێیە و پرۆلیتاریا پێشەوایەتی دەکات ، لەقۆناغــی یەکەمدا لەپێناوی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی دیموکراتی نوێ و دەوڵەتێکی سەربە دیکتاتۆریەتی هاوبەش دا خەبات دەکات کەهەموو چینە شۆڕشگێڕەکانی میللەت بەشداری هەڵسوڕاندنی کاروباری دەکەن . ئەمە لە لایەک ، لەلایەکی تریشەوە ، بەئەرکی ڕێخۆش کردنی بەردەم گەشەکردنی شۆڕشی سۆشیالیستی هەڵدەستێ ، بەکورتی ئەرکەکانی

شۆڕشی ڕزگاری نیشتمانی دیموکراتی ، . ڕزگاری نیشتمانە لەژێر چەپۆکی ئیمپریالیزم و دەرەبەگ و بۆرژوا کۆمپرادۆرەکان و دامەز-راندنی دیموکراسی میللی ( نوێ ) یە ، بەسەرکردایەتی چینی کرێکارو بەڕابەرایەتی پارتی پێشڕەو .. هەروەها ڕزگار کردنی جوتیارانە ، لەچنگی دەرەبەگایەتی و پەیوەندیە خێلەکی و کۆنە پەرستیەکانی تر . . لەگەل ئەوانەشا ، ئافرەت لەبەندەگیەتی دەر-دەهێنێ و مافی مرۆڤی ئەم سەردەمەی پێ ڕەوا دەبینێ و یەکسانی دەکا بەپیاو .

ئنجا ئەوەش کەلەم کۆمەلگا دواکەوتووەی ئێمەدا ، ڕزگاری ئافرەت پێش دەخات ، بەشداری کردنیەتی بەشێوەیەکی فراوان لەشۆڕشی ڕزگاری نیشتمانی دیموکراتیدا .

بەشداری ئافرەت ، واتە شکاندنی گەلێ لەکۆت و پێوەندەکانی لەش و مێشکی ئافرەت و بەزاندنی ئەوسەوورانەی ڕێ لەپێشکەوتن وگەشە کردنی ئافرەت دەگرن ، واتە بەشدار کردنی ئافرەت لە خەباتی ڕزگاری خۆیدا .

ئەوئافرەتەش کەبەشداری شۆڕش دەکات ، جگە لەکۆت و پێوەندەکانی هیچی تری لەکیس ناچێ . ئنجا بۆئەوەی شۆڕش یەکێ لەمەرجە سەرەکیەکانی سەرکەوتن لەدەست نەدات ، دەبێ هەولی بەشداری تەواوی ئافرەت بدات و بتوانێ سود لەهێزو تواناو سروشتی

ئافرەت وەرگرێ . چونکە مەرجی سەرەکی لەسەرکەوتنی هەر شۆڕشێکدا ، سەرای بوونی ڕێبازێکی شۆڕشگێڕانەی دیارو ڕۆشن بەتیۆری زانستی ،. بوونی بەرەیەکی یەکگرتوی شۆڕشێوان هەموو چینە شۆڕشگێڕەکانە - بەڕابەرایەتی پارتی پێشڕەو -

ئنجا ئافرەتیش ، لەبەرئەوەی نیوەی کۆمەڵەو ، چەوساوەترین بەشەکانی کۆمەڵیش لەناو ئافرەتاندا دەبینرێن ،. لەبەرئەوەی ستەمو زۆر لەسەرشانی ئافرەت قورسترەو ، چەوسانەوەش زیاتر ڕوو بەڕووی ئەودەبێتەوە بۆیە ، ڕۆلی ئافرەت لەشۆڕش دا ، ڕۆلێکی گرنگو کاریگەرەو نابێ چاو لەئاستیا بنووقێنرێ .

تاقی کردنەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریی وولاتانیش ، ئەوەیان ساغ کردۆتەوە کەڕادەی سەرکەوتنی هەر بزووتنەوەیەك یانهەر شۆڕشێك ، چەند بەڕاستی ڕێبازو ڕەوایی بزووتنەوەکەوە بەستراوەتەوە ، ئەوەندەش بەڕادەی بەشداری ئافرەتەوە . .

ئەوەی سەرنجی شۆڕشی هەندێ لەوولاتانی جیهان بدا ، بە ئاسانی دەگاتە ئەوئەنجامەی کەنهێنی سەرکەوتنی شۆڕشەکانیان ، وەکو شۆڕشی چینو ڤیتنامو کوباو کوریاو .. هتد .

لەوەدابووە کەپارتە پرۆلیتاریەکان لەم وولاتانەدا لەسایەی تیۆری زانستیەوە ، توانیویانە یەکیەتیەکی پتەو لەنێوانی چینە چەوساوەکانیاندا پێك بهێنن والەبەرەیەکی بەهێــــزی دژ بەئیمپریالیزمو

دەرەبەگایەتیو کۆنەپەرستیدا کۆیان کەنەوە ، جگە لەمەش هەر لە سەرەتاوە ، شۆڕش هەوڵی خۆش کردنی ڕێی بەشداریی ئافرەتی داوەو مەسەلەی ئافرەتیشی لەتێکرای کێشە کۆمەڵایەتییەکانی تر دانەبڕیوە و بەگوێرەی ئامانجە دوورو نزیکەکانیشی خەباتی لەپێناودا کردوە .

ئافرەتیش وەك ئەرکی پیرۆزو پێویستی سەرشانی خۆی ، خۆی وەپاش نەداوەو لەهەموو مەیدانەکانی تێکۆشانا بەشداری کردووە . ئەویش وەك پیاو ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لەسەرکەوتنی شۆڕشدا .

تاقی کردنەوەی ئەم وولاتە شۆڕشگێڕانە ، سەلماندیان ، چەند شۆڕش موڵکی پیاوە ، بەهەمان ڕادە موڵکی ئافرەتیشە . ، دەریان خست کەئافرەتیش لەتوانای دایە بەکاری ڕامیاریو چەکداریو شۆڕشگێڕیو جۆرەها کاری تری مەزن هەلسێ ، لەپێناوی گەیینە ئامانجەکانی شۆڕش دا .

لەهەموو ئەم وولاتانەدا ، ئافرەت خۆی توانای خۆی دەرخست خۆی بوونی خۆی سەپاند ، خۆی لە پێناوی ڕزگاری کۆمەڵو خۆیدا خەباتی کرد ، چاوەڕوانی پیاوی نەکرد ڕزگاری کات ، چونکە باش دەیزانی ، ئەگەر خۆی بەشداری ڕزگاری خۆی نەکات ، ئەگەر خۆی مافی خۆی نەسێنێ ، هەرگیز نایبینێ و نابێ بەخاوەنی .

ئەوەتا کچە چینییەکان هەر لەسەرەتای هەڵگیرساندنی گڕی شۆڕشی ڕزگاری خوازی گەلی چیندا . زۆریان کەوتنە قڕبڕین، هەر لەبری ئەوپیاوانەی کەشۆڕشگێــڕیەتی و کاری چەکداری و دەیەها کاری‌تر کەبەکاری پیاو دەزانران ، بەکاری ئافرەتیان نەدەزانی . . لەبری ئەوپیاوانەی خەباتی ئافرەتیان بەشووردەیی و ئابڕو چوون دەزانی . . دژی ئەوانەی ئەیان دەویست ئافرەت بەشداری ڕزگاری نیشتمانە مەزنەکەی بکات .

لەگەڵ هەموو ئەوڕێ لێ گرتنانەشدا ، ئافرەت توانی بوونی خۆی لەشۆڕشا بسەپێنێ وتوانی بەشداری تەواوی ڕزگاری خاکی پیرۆزی نیشتمانەکەی بکات .

ئەوخوێنەی لەلادێکانەوە گەمارۆی شارەکانی دەدا تەنها خوێنی پیاوان نەبوو ، بەڵکو خوێنی ئاڵ و گەشی ئافرەتانی شۆڕشگێڕو نیشتمان پەروەریش بوو .

ئەوشۆڕشگێڕانەی کەبەرەو گۆڕەپانی خنکاندن ڕاپێچ دەدران وپەتی خنکاندنیان دەکرایە مل ، تەنها پیاو نەبوون ، بەڵکودەیان ئافرەتی وەکو ( یانگ کای هوی ) و ( شیانگ جینگ یوی ) و ( تشن تیە جیون ) یش بوون .

بەکورتی ئافرەتی چینی بەهەموو شێوەیەك بەشداری شۆڕشی وولاتەکەی خۆی کرد . هەرلەبەرئەمەش بوو کاتێ شۆڕش سەر-

کەوت ، تەنها پیاوان ڕزگاریان نەبوو بەڵکو تێکـــڕای کۆمەڵ ڕزگاری بوو .

- مسز رجار ستۆ - کچە نووسەری ئەمەریکایی باری ئافرەت لەدوای سەرکەوتنی شۆڕش دەردەخاو دەڵێ ( ئەومافانەی ئافرەتی چین وەدەستی هێناوە ، هیچ کاتێ ئافـرەتی ئەمەریـکاو ئەورووپا دەستی نەکەوتووە . ئافرەت لەهەموو ئەو کۆت‌و زنجیرانە ڕزگاری بووە کەهەزاران سـالە بەدەستیانەوە دەناڵێنـێ . ئێستا ئافرەت خاوەنی هەموو ئەومافانەیە کەپیاو خاوەنیانە (١) .

هەروەکو چۆن ئافرەتی چین ، بەشـداری تەواوی شۆڕشـی گەلی چینی کرد ، ئاواش ئافرەتی کوبا توانی ڕۆڵی باڵاوکاریگەر ببینێ لەسەرکەوتنی شۆڕشی کوبادا . .

ئافرەتی کوبایی بڕوای تەواوی بەوە هەبوو کە میلەتی کـوبا ناتوانێ ڕزگاری وەدەست بێنێ ئەگەر خاکی کوبا ڕزگارنەکات ، چونکە دڵنیابوو لەوەی کەهیچ کۆمەڵێ ناتوانێ ئازادی وەدەست بێنێ ئەگەر لەخاکێکی ئازادکراودا نەبێ ، هەرئەمەش بوو باڵی پێوەنان کەمەسەلەی ڕزگاری نیشتمان سەر هەموو شتێکی ترخەن ( ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کەمەسەلەی ئافرەت‌و کێشە کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌یەکان و . هتد فەرامۆش کرابن ، نەخێر هەموو شتـێ

(١) حسن محمد جوهر - المرأة عبرالتأريخ - ل٨٧

بەگوێرەی خۆی گرنگی پێدرابوو ، بەڵام ئازادی کوبا قۆناخی یەکەمی چارەسەر کردنی کێشەکانی تر بوو . . )

گەلی کوبا ، دڵنیایە لەوەی ، ئەگەر ئافرەت بەشداری شۆرشی نەکردبایە شۆرشەکەیان نەیدەتوانی سەرکەوتن وەدەست بێنێ .

فیدل کاسترۆ ئەم ڕاستیە ڕوون دەکاتەوەو دەڵێ ( ئەگـــەر پرسیارمان لێ بکرێ گەورە ترین کاری شۆڕشگێڕانەی شۆرش لێ بکرێ، لەوەڵاما دەڵێین : ئەو شۆرشە بوو کەکرای لەناو ئافرەتانی وڵاتە-کەماندا سەند . خۆ ئەگەر یەکێکیان لێی پرسیم ، ئایا من لە پێشیشدا خۆم بەلایەنگیرو دۆستی ئافرەتان زانیوە ؟ ، بێگومان دەڵێم نەء . بەڵکو پێچەوانەی ئەم کارانەم بەڕاست دەهاتە بەر چاو ، . ئەوەتا ئێمە بەرێکاوەین بۆدۆزینەوەی ئەو هێزە شارا-وەیەی زۆر لەوە زیاترە کەکەشبینان خەویان پێوە دەدی . ) .

ئەوەی لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی گەلی ڤیێتنامی قارەمانو شۆرشگێڕیش هەڵداتەوە ، ئەوا بەئاسانی ڕۆڵی کاریگەرو مەزنی ئافرەتی ڤیێتنامی لەسەرکەوتنی شۆرشی ڕزگاری گەلی ڤیێتنامدا بۆدەردەکەوێ .

هەرلەسەدەی نۆزدەهەمەوە ، ئەوکاتەی کە فەڕەنسا ڤیێتنامی داگیر کرد ، لەگەڵ ئەوەشدا تەل بەندانەشدا کەدەوری بزوتنەوە وتێکۆشانی ئافرەتیان دەگرت ، .

ئافرەت دلێرانە بەشداری خەباتی میللەتەکەی دەکردو دژی هەموو دەست درێژیەکی دوژمن و داگیرکەرەکان دەوەستایەوە .

لەگەل هاتنی سەدەی بیستەمیش دا ، ئافـــرەتی ڤیتنامی لە تێکۆشانی خۆی نەکەوت و لەخەباتی میللەتەکەی دوا نەکەوت ، هەرئەم توانایەی ئافرەتیش بوو کەپالی بـە ( پارتی کـۆمۆنیستی ڤیتنام ) ەوە نا کەرێ بەبەشداری ی خەبات و تێکۆشانی ئافرەت بدا لەپێناوی رزگاری چینی کرێکارو لەپێناوی رزگاری ی نەتەوایەتیدا ( پارتی ) ش هەر لەسەرەتاوە هەستی بەوە کـــرد کە بەشداری ئافرەت هۆیەکی گەورەو بنەرەتیە لەسەرکەوتنی خەباتی نیشتمانی دا . هەروەها دەرکیشی بەوە کرد کە ئافرەتی ڤیتنامی چەوساوە ترین بەشەکانی کۆمەلــگای ڤیتنـامە . . بەم جۆرە یەکسانی ئافرەت و پیاوی کرد بەیەکێ لەئامانجە سەرەکیەکانی شۆرش . . ئەمە هۆیەکی گەورە بوو بۆهاندانی ئافرەتان بۆئەوەی بتوانن بە رادەیەکی زۆرتر برژێنە ناو رێکخراوەکانی پارتی یەوە ، هەرچەندە لەسەرەتادا زۆربەی چالاکیەکانی ئافـرەت شێوەیەکی نهێنی گرتبوە خۆی ، وابوو ئافرەتان دەچوونە ناو کارگەوبازارو گەرەکی چەوساوەکانەوەو لەگەل خەلکی دا دەدوان و رووی خراپە کاری و دەست درێژی و درندایەتی دوژمنیان بۆخەلکی دەردەخست رەوایی و راستی رێبازی پارتی و شۆرشیان بۆ خەلکی روون

دەکردەوە .

هەر لەم کاتەشدا ، زۆر لە ئافرەتانی تر بەشداری چەکدارانەی شۆڕشیان دەکردو لە پێناوی هێنانەدی ئامانجەکانی شۆڕشدا ، زۆریان لێ شەهید کرا ، بەکۆمەل دەخرانە بەندیخانەو زیندانەکانی دوژمنەوەو تووشـــی ئازاردانـو جـۆرەها سزاو ئەشکەنجەی دڕندانەی داگیرکەران دەبوون .

هەر لەو سەردەمەدا بوو ، ئافرەتێکی ڤیتنامی کە لەژێر باری ئازارو لێدانا ، لەزیندانا گیانی پاکی سپاردبوو ، پارچە هۆنراوەیەکی بەخوێنی زامەکانی خۆی لەسەر دیواری زینـــدانەکەی نووسیبوو :

من ئافرەتێکی گوڵ ڕەنگم
شان بەشانی پیاو دەجەنگم
پشتم لەژێر ،..
باری ڕقی هەردووکمانا .. دەنالێنێ
بەندیخانە خوێندگامەو ،..
گیراوەکانیش هاوڕێمن
(شیر) منالمەو .. (تفەنگیش) مێرد

تا دەهات ژمارەی ئافرەتی چەکدارو شۆڕشگێڕ بەرەو زیاد بوون

دەچوو ، شۆڕشیش هەنگاوی زیاتری بەرەو سوێکەی سەرکەوتن دەنا .

لەگەڵ هەموو بەرەو پێشەوە چوونێکی شۆڕشیشدا زیاتر تاویرو کۆسپەکانی ڕێی بەشداری ئافرەت بەرەو نەمان دەچوون . وای لێ هاتبوو ئەوئافرەتانەش کەنەیان دەتوانی بەشــداری چەکدارانەی شۆڕش بکەن ، بەکاری تری شۆڕشگێڕی هەڵدەستان چونکە دلنیا بوون لەوەی کەسەرکەوتنی شۆڕشەکەیان هەموو هەلو مەرجێکی ڕزگاری و یەکسانییان بۆدەڕەخسێنێ .

یەکێ لەو کارانە ئەوەبوو ، جاری واهەبوو ، لەشێوەی کۆمەلی بچوك بچوکدا ، ڕووەو شار دەکشان ، وا خۆیان نیشان دەدا کە گوایا بۆبازاڕ دەچن . . هەندێ لەوئافرەتانە سەریان بەمەندیلی سپی دەپێچاو هەندێکی تریشیان بەتایبەتی ئەوانەی پیربوون ، بە خۆیانو بە کۆچانێکەوە ملی ڕێی شاریان دەگرت . کەدەگەیشتنە شار ، هەموویان بەرەو ئەوشوێنە دەکشان کەبڕیاری گردبوونە- وەیان لەسەردابوو . لەوکاتانەدا ، سەرپۆشەکانیان دادەگرت و بەهۆی کۆچانو دارده‌ستەکانیانەوە سەرپۆشەکانیان بەرز دەکردەوە . ئەو سەرپۆشانەی کەلەکاتی بەرزکردنەوەدا دەبوون بەلافیتەو لافیتە- کانیش لێیان نووسرابوو ( ئەی ئەمەریکایییە ئیمپریالیەکان ، ڤیتنامی خوارو جێ هێڵن . )

هەر ئەم شێوە بەشداریانەو جۆرەها شێوە بەشداری تری ئافرەت بوو کەلەساڵی ١٩٦٠دا ڤێتنامیەکانی گەیاندە ئەوراستیەی کەدەبێ ئافرەت‌و پیاو لەهەر پێنج مەیدانەکاندا یەکسان بن ،

( یەکسانی لەجەنگ‌دا ، یەکسانی لەفرمان‌دا ، یەکسانی لە بەرێوە بردنی پارتی‌و لەکارگێڕی‌دا ، یەکسانی لەکارو باری کۆمەڵایەتی‌داو هەروەها یەکسانیش لەخێزان دا . )

ئەو ڕاستیەی لەچەند نموونەیەکی ئاوادا پێ ی دەگەین ئەوەیە کە ، بۆئەوەی شۆڕش بتوانێ سەرکەوتن بەدەست بێنێ‌و گەل بەسوێکەی ئامانجە دوورو نزیکەکانی شاد کات ، دەبێ سوود لە توانای تێکڕای چینە چەوساوەو شۆڕشگێڕەکانی میللەت ببینێ ، بەوەی بتوانێ لەژێر ڕۆشنایی تیۆری زانستی‌دا یەکیەتیەکی پتەویان لێ پێک بێنێ‌و لەبەرەیەکی بەهێزی دژ بە ئیمپریالیزم و بەکرێ گیراواندا کۆیان کاتەوە .

دەبێ هەر لەسەرەتاشەوە بڕوای تەواوی بەبەشداری ئافرەت هەبێ‌و لەپێناوی ئامانجەکانی ئافرەت‌دا خەبات بکات‌و بەهەموو شێوەیەکیش هەوڵی لابردنی تەگەرەکانی ڕێ ی بەشداری ئافرەت بدات .

دەبێ ئافرەتیش شۆڕش‌و کاری چەکداری بەمولکی خۆی بزانێ‌و دەبێ لەخەباتی ڕزگاری کۆمەڵو خۆی‌دا ، ڕۆلێکی

کاریگەری هەبێ ، لەتێکۆشانی شان بەشانی هاوڕێکانیاو لەپێناوی وەدی هێنانی شۆڕشدا ، نابێ توانای خۆی بەفیڕۆ بداو نابێ کپ بێ .

ئەگەرچی لەسەرەتای بەشداریشیدا گەلێ کۆسپ و ناخۆشی دێتە ڕێی ، بەڵام هەروەکو لەنموونەی ئەو وڵاتانەدا دەرکەوت تا ئافرەت هەنگاوی زیاتری ناو زیاتر بڕوای بەتوانای خۆی هەبوو ، ئەوا کەلەکە ساختەکانیش یەك بەدوای یەکا زیاتر هەرەس دێنن .

ئا بەم شێوەیەو بەرابەری پرۆلیتاریا دەتوانرێ پێداویستییەکانی شۆڕشی ڕزگاری نیشتمانی ئەنجام بدرێنو هەروەها بەرەش بە شۆڕشی نیشتمانیو دیموکراتیو دژ بەئیمپریالیزمو دەرەبەگ بدرێتەو بکرێ بەشۆڕشی سۆشیالیستی .

## بەشی سێیەم

# گەشتێکی کورت

# بەکەناری رووباری

# خۆشەویستی راستەقینەدا

تەرخان کردنی چەند لاپەڕەیێ لەم کورتە باسە بۆ باسی ( خۆشەویستی ) ، ئەوە ناگەیەنێ کەئێمە دەمانەوێ پەیڕەوو پڕۆگرامێکی تایبەتی بۆچۆنیەتی فێربوونی دڵداری دابنێین ، بەڵکو ئەوەی ئێمە دەمانەوێ ئەوەیە کەچۆن بتوانین ئەوخۆشەویستیەی بەشێکی زۆری لەژیانی زۆربەی گەنجانی ئیمڕۆ داگیر کردووە ،

بکەین بەهۆیەکی تری کاریگەری تێکۆشان . تێکۆشان لەپێناوی ڕزگاری نیشتمان‌و ئازادی مرۆڤدا .

با خۆشەویستی مەزنیش بێ . با ژیانیش بۆخۆشەویستی تاڵ بێ، بەڵام نەخۆشەویستی‌و نەهیچ شتێکی کەش خاوەنی نرخی ڕاستەقینەی خۆیان نابن ئەگەر لەژێر ئاسمانی فراوانی ئازادی‌دا نەبن.

هەروەکو لەپێشا ڕوونمان کردەوەو باسی گرنگی یەکیەتی خەباتی چینە چەوساوەکانی کۆمەڵمان کرد ( بەئافرەت‌و پیاوەوە) لەسەرخستنی شۆڕش‌و بەئەنجام گەیاندنی ئامانجە پیرۆزەکانی‌دا ، ئاواش هەر لەم ڕوانگەیەوە بەونیازەی بتوانین جارێکی کەش ڕووباری خۆشەویستی تێـــکەڵ بەدەریای خەبات بکەینەوە ولە خزمەتی ئەودا بەکاری بێنین ، بەپێویستی دەزانم ئەگەرچی لەچەند لایەرەیەکی ئاوا کەمیشدا بێ چەند دێـــڕێ لەسەر خۆشەویستی ڕاستەقینە بنووسین .

لەگەڵ ئەوەدام کەخۆشەویستی بەشێکی گرنگی ژیانی‌مرۆڤە، بەڵام هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نیـم کەهەموو ژیانی مرۆڤ بێ ، ئەوکەسانەش کەسەراپای ژیانی خۆیان بۆدڵداری تەرخان دەکەن، ئەوانەش لەپێناوی دلداری‌دا قوربانی بەژیانی خۆیان دەدەن . نەك هەر هەڵەن بەڵکو تاوانباریشن ، چـــونکە بەمە خیـانەت ( ناپاکی ) لەگەڵ نیشتمانەکەیان دەکەن‌و ئەوئەرکەی لەسـەر

شانیانە بەرامبەر بەکۆمەل بەجێی ناگەیەنن .

ڕەنگە ئەوەش کەوای لەگەنجان کردووە کەزۆر بیرلەم کارە بکەنەوەو کاتێکی زۆری تەمەنیانی لەگەڵدا بەفیڕۆدەن . نەبوونی دەزگای ڕۆشنبیری‌و هونەری‌و پێکەیاندن‌و . . جۆرەها هۆی تری تایبەت بەباری ڕامیاری‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی بێ . ئەوەش کە زیاتر پالی بەئافرەتەوە ناوە کە زۆربەی ئەوتوانایەی هەیەتی بۆ ئەم مەبەستەی تەرخان بکات ، لەپلەی یەکەمدا ، بەند کردنیەتی لەبەندیخانەی مالەوەداو دوورخستنەوەیەتی لەهەموو جۆرە کارو بارێکی ئابووری‌و نیشتمانی‌و کۆمەڵایەتی‌و ڕامیاری‌و . . هتد .

هەرئەم دوورخستنەوەیەشە کەوای لەزۆربەیان کردووە کە کارکردن ، بەتایبەتی کاری بەرهەم هێنـــان‌و کاری ڕامیاری‌و نیشتمانی . . بەگرنگ نەزانن‌و بەکاری پیاوی تێبگەن . ئەوەش کەزیاتر پالی بەئافرەتەوە ناوە بۆئەوەی پتر لەهەموو شتەکانی تر بیر لەمەسەلەی دلداری‌و شووکردن بکاتەوە ، ویگـرە هەتا بـە شێوەیەك لەشێوەکانی ڕزگاریشی تێ بگا ، نەبوونی یەکسانی‌وبوونی جۆرەها بەرزی‌و نزمی نێوان ئافرەت‌و پیاوە . هەرئەم جۆرە بیر کردنەوەشە وای لەئافرەت کردووە ئەوتوانایەی هەشیەتی لەهەندێ تاقی کردنەوەی دلداری‌و سۆزی بێ‌ئەنجامدا بەفیڕۆی دا . .

ئەلکساندرا کۆلۆنوفتای دەلێ ( ئێمە ، ئاف‍ـــرەتانی ئەوەی

ڕابردوو ڕێگای ڕزگاری ڕاستەقینەمان نەدۆزیبۆوە . توانامان بەبێهوودە بەهەدەر دەدا ، چی ووزەی هەمان بوو لەتاقی کردنەوەی سۆزی ( عاتیفی ) نەزۆك دا بەفیرۆمان دا ، بۆدڵنیایی ، منو هاوڕێیانی تری چەوساوەو تێکۆشەرهەستمان بەوەکرد کەئەلداری ئامانجی سەرەکی ژیان نیە . . توانیمان کارکردن بکەین بە تەوەری ژیانمان .

ئێمە ، ئافرەتانی ئەوەی ڕابردوو ئەمان دەزانی ، وەك چۆن گەنجانی ئیمڕۆ دەزانن کەدەتوانرێ هاوتایی لەنێوانی کارکردنو گەڕان بەشوێن خۆشەویستی دا بکرێ ، بەمەرجێ کارکـردن تەوەری بوون بێ . (١)

ئنجا منیش هەرلەدەلاقەی ئەمان بۆچوونەوە ، دەمەوێ چەند تێبینیەکی بخەمە سەر خۆشەویستی ڕاستەقینە ، ئەو خۆشەویستیەی کەبوونی هەر جیاوازیەك لەوجیاوازیانەی لەپێشەوە دەستمان بۆ ڕاکێشاونو هەموو جۆرە جیاوازیـەکی دەستکردی تری نێـوان سەربەستیو یەکسانی ئافرەتو پیاو هەمیشە کۆسپی سەختی سەر ڕێی دروست بوونیی .

جا تەخت کردنی ئەوکۆسپانەو کەم کردنەوەی ڕێژەیان هەر وەکو چۆن بەشێکن لەخەباتی مرۆڤ لەپێنـــاوی یەکسانی دا ،

---

(١) الكسندرا كولونتاى - تحرر المرأة العاملة ص ٨،٧

ئاواش ئەوهەنگاوە پیرۆزانەن کەبەرەو کەناری رووباری خۆشە-
ویستی راستەقینەمان دەبەن .

مەرجی تەخت کردنی کۆسپەکانو کەم کردنەوەی ڕێژەیان، تێکۆشانە لەپێناوی هەڵگێرانەوەی پەیوەندییەکانی ئابووری و کۆمەڵا-
یەتی داو گۆڕینی سیستمی رامیاری دەستەی فەرمانڕەوای چەوسێنەرە . . واتە شۆڕش کردن بەسەر کۆمەڵگای کۆن داو دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی نوێ کەهەموو مەرجەکانی سەربەستی و یەکسانی مرۆڤی لەباردابێ .

کەی توانرا کۆمەڵگایەکی نوێ لەسەر ڕژێمی سۆشیالیستیا دابمەزرێنرێ ، ئەوکاتە پەیوەندیە کۆنەکانی نێوان ئافرەت و پیاویش بەپەیوەندی تازە دەگۆڕدرێنەوەو پەیوەندی نێوانیان شێوەی مرۆڤانەی ڕاستەقینەی خۆی وەردەگرێ .

چۆنیەتی و ڕادەی سەرکەوتنی خۆشەویستیش بەچۆنیەتی و ڕادەی سەرکەوتنی ئەوپەیوەندیانەوە بەستراوەتەوە ، تا پەیوەندی نێوان ئافرەت و زیاتر شێوەی مرۆڤانەی وەرگرێ ، خۆشەویستیش پتر لەڕاستی نزیك دەبێتەوە .

مەزنی خۆشەویستی لەوەدایە کەلەسەر هەڵبژاردن و ئارەزوویەکی سەربەست و تەواودا دادەمەزرێ ، لەئەنجامی شارەزابوون لەبیرو باوەڕو توانا و هەست و دەروونی یەکتری . ئەم هەموو ئاڵوگۆڕەش

لەنێوانی دوو مرۆڤی هاوکێفو سەربەستو یەکسانا نەبێ . نابێ ..
واتە بڕوا هێنانی هەردوولا بەسەربەستیو یەکسانی یەکتری ،
یەکێکە لەمەرجە هەرە سەرەکیەکانی دروست بوونی خۆشەویستی
ڕاستەقینە . . کەچی - جان پۆل سارتەر - ڕێـك بەپێچەوانەی
ئەم بۆچوونەی ئێمە دەوەستێ ، سارتەر ، خۆشەویستی بەکێشەی
نێوان دوو سەربەستی دادەنێو ئەوتاوانەی دەخاتە پاڵ کەکـــوایە
خۆشەویستی بریتیە لەو پەیوەندیـەی کەلەنێوانی دووکەسـدا لە
ئەنجامی هەوڵی هەردوولا بۆزەوت کردنی مافەکانی ئەوی تر سەر
هەڵدەدا . . بەواتەیەکی تر ، سارتەر خۆشەویستی دەکات بەجەنگی
بەردەوامی نێوان ئافرەتو پیاو لەپێناوی زاڵ بـــوون بەسەر
یەکتریدا . تائاوا لای سارتەر بیری زەوت کردنو دەستبەسەرا
گرتن جێی بیری ئاڵوگۆڕو هاریکاریو سەربەخۆیی دەگرێتەوە .
لەڕاستیدا خۆشەویستی لەهەموو حەزو خواستێکی دەست بـە
سەرا گرتنو زەوت کردنەوە دوورە . . چونکە زەوت کردنی سەر
بەستی گەورەترین لێدانە بۆخۆشەویستی .
خۆشەویستی دان پیانانی تەواوە بەسەربەستیو توانای بەرامبەر ،
هیچ کاتێ کێشەی نێوان دوو سەربەستی نیە ، بەڵکو هاریکاریو
کۆششی هاوبەشە لەپێناوی بەردەوام بوونی ژیانو وەدی هێنانی
بەختیاری دا .

بەکورتیو جارێکی کەش ، خۆشەویستی بریتییە لەو پەیوەندیەی کەلەئەنجامی گونجانو وێکچوونی ( بیرو باوەڕو توانناو دەروونو . . هتد ) ی دوو مرۆڤی سەربەستو یەکسانەوە دروست دەبێ .

بەلای منەوە هەموو دوو دلدارێ لەدوو سەوڵی بەلەمێك دەچن کەلەناو دەریایەکی شەپۆلاویدا بەرەو کەناری ئارام گـرتن شەپۆل ببڕێ .

ئنجا ئەگەر هەردوو سەوڵەکە وەکو یەك نەبن ، ئەگـەر یەکێکیان لەوی تریان زلتر بێ ، یان بچوکـتر ، ئەوا بەلەمەکە بەخوارو خێچی ڕێ دەکاتو گەیشتنە کەناریش کارێکی هەروا سێنایی نابێ ، خۆئەگەر خوانەخواستە یەکی لەسەوڵەکان درزی بردو شکا ، ئەوا بەجارێ بەلەمەکە لەپەلو پۆ دەکەوێو ئەوساش شەپۆل بۆ کوێی بڕەتێنێ ، دەبێ بۆ وێ بڕوا .

بۆیە دەڵێین یەکێ لەمەرجە هەرە سەرەکیەکانی خۆشەویستی یەکسانیە . . مەبەست لەیەکسانیش ، ئەوەیە کەهەردوولا وەکو یەك بن . بەیەك پێوانە بپێورێن . . ئەگەر یەکێکیان بیرودەروونو توانای هەبوو . ئەگەر یەکێکیان مافو ئەرکی هەبوو ، دەبێ ئەوەکەی کەش هەیبێ ، ئەگەر نەیبێ یەکسانیش نابێ ، ئەگەر یەکسانیش نەما ، ئەوا خۆشەویستیش نامێنێ .

ـ د. نەوال سەعداوی ـ دەڵێ ( دەتوانین بڵێین ئەو خۆشە-
ویستییەی کەلەنێوانی ئافرەتو پیاوی سەردەمی ئێمەدا روو
دەدات ، ئەوخۆشەویستییەش کەلەکۆمەڵانی پێشوودا هەبووە ،
هەرلەوکاتەوەی پیاو بۆتە خاوەنی زەوی‌و ئافرەت ، خۆشەویستی
نەبووەو نیە ، خۆشەویستی ئالوێ لەنێوانی خاوەن کۆیلەو کۆیلەدا
رووبدات ، ئالوێ لەنێوانی دەسەڵات دارو بێدەسەڵاتا رووبدات ،
لەنێوانی بەهێزو بێهێزا . لەنێوانی بەرزو نزما روونادات . )

کەواتە هەوڵدان لەپێناوی یەکسانیدا ، هەوڵدانە لەپێناوی
زامن کردنی دۆخی لەبار بۆخۆشەویستی راستەقینە . بەڵام ئەو
بارو دۆخەی کەئێستا کۆمەڵگاکەمانی تێدایە ، بەهیچ کلۆجێ
رێ بەسەر هەڵدانی ئەویەکسانییە نادا و ناهێڵێ خۆشەویستیش لە
بەرگی بازرگانیو لەپەیوەندی بۆرژوایانەی رزگاریان بێ .

خۆئەگەر تۆزێ دوورتر برۆین ئەوا دەڵێین ، هەتا بەرهەم
هێنانی سەرمایەداریو هەموو ئەوپەیوەندیە ئابووریانەش کەبەرهەم
هێنانی سەرمایەداری دروستیان دەکات لەناو نەچن ، فرە ستەمە
تۆوی خۆشەویستی راستەقینە بتوانێ چەکەرە بکاتو سەرلەزەوی
ئەم کۆمەڵگایە جەنجاڵە دەربێنێ .

بەڵام هەرچۆنێ بێ بەرەو پێشەوە چوونی باری رۆشنبیریو
پەرەسەندنی رادەی کرێکارو پێدانە مەیدانی کارکردنی ئافرەت

زیاتر ڕێی بەردەم ئامانجەکانی خۆش دەکەن .

کارکردنی ئافرەت کارێکی گەورە دەکاتە سەر تەواوبوون و تۆڵ بوونەوەی هەنگاوەکانی ئافرەت ، ئەو ئافرەتەی کاردەکات هەست بەتواناو مرۆڤی خۆی دەکات ، هەست بەڕێزو جۆرە سەربەخۆیی یەك دەکات کەئافرەتی بێکار لێی بێبەشە ، ئامانتر دەتوانێ لە ڕاڕایی و گومان دەرباز بێ .. ئەوەش بەهۆی کارکردنەکەیەتی وبەهۆی ئەو دەرامەتەشەوەیە کەلەکارەکەیدا چنگی دەکەوێ .

کەئەمە دەڵێین وەنەبێ مەبەستمان ئەوەبێ ، ئەوئافرەتەی کار دەکات ئەوە بەسەربەستی تەواوی خۆی دەکات ، ئافرەت ناتوانێ بەهۆی کارەوە سەربەست بێ ئەگەر لەڕژێمـــی سۆشیالیستی دا نەبێ .. بەڵام هەرچۆنێ بێ ، کارکردن ( کاری بەرهەم هێنان) سەرەتایەکی پێویستی هەڵوەشاندنەوەی بنچینــە ( مادی ) یەکانی چەوساندنەوەی ئافرەتەو تائەندازەیەکی باشیش لەپشت بەستــن بەئابووری پیاوی ڕزگار دەکات .

ئەنگلز دەڵێ ( مەرجی یەکەم لەڕزگاری ئافرەتدا ، گەڕانەوەی تێکڕای ئافرەتانە بۆبەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتی . ) کارکردن واتە ڕێ خۆش کردنی بەردەم تێکەڵاو بوونی کۆمەڵ واتەخستنە گەڕی هێزو توانای مرۆڤ . مرۆڤیش بەقەدەر ئەوسەربەستی یەی لەبەکارهێنانی تواناو تێکەڵاوبوونی کۆمەڵ و لەخواستو ئارەزوودا

هەیەتی مرۆڤە .

بەڵام کۆمەڵگای ئێمە هەرگیز ئەو سەربەستی یەی بەئافرەت ڕەوا نەبینیوە تا بتوانێ بەگوێرەی توانای خـــۆی بەشداری گۆڕانکاریەکانی ناوکۆمەڵ بکات ، هەمیشە هەوڵی زەوت کردنی تواناو بیرو هۆش و دەروونی ئافرەتی داوە .

دوور نیە هەر ئەم زەوت کردنەی تواناو بیرو دەروونەش بێ کەوای لەئافرەت کردووە ، ئەوتوانای ـەی هەیەتی زیاتر بـۆ گرنگی دان بەقاوغی دەرەوەی بەکار بێنێ .

زانیاری دەری خستووە کەهەموو گیاندارێك کاتێك بەشێك یان ئەندامێك لەئەندامەکانی لەشی وون دەکات ، دەیەوێ بەگەورە کردن و بەگرنگی دان بەبەشێکی تری یان ئەندامێکی تری جێ ئەم ئەندامە بزر بووە پڕکاتەوە .

گرنگی دانی ئافرەتیش بە ( قاوغی دەرەوەی هـەر لەهەمان بۆچوونەوە هاتووە . بەشتێکی زۆر سەیریشی دازانم لە کاتێـکا دەبینم زۆربەی هەرە زۆری ئافرەتان هیچ لەبەردەمی خـۆیانا شك نابەن بایەخ دان نەبێ بەجوانی لەش و ڕێکوپێکی دەرەوەیان ، ئافرەتی زۆر بەتوانا نەبێ ، ناتوانێ بەشێ لەکانەکانی خۆی بۆخۆ جوانکردن و خۆ ڕازانـــدنەوە تەرخان نەکات ، ناتوانێ ڕادەی جوانی خۆی بەپێوەر نەزانێ بۆڕادەی ڕێزو نرخ و .. هتد لەناو

ئەم کۆمەڵگایەی ئێمەدا .

خۆ ئەگەرچی ئەمەش زیاتر ئافرەتی بەرەو گێژەنگی چەوسانەوە ڕاپێچ داوە . بەڵام هەرلەئەنجامی تێڕوانین و هەڵوێستی کۆمەڵەوە هاتووە ، هەردەم زۆریش لەڕۆژنامەو گۆڤارو هەتا ئەدەبیش ( چیروك و هۆنراوەو .. هتد ) تا ڕادەیەکی باش خزمەتی ئەم هەڵوێستەی کۆمەڵیان کردووە .

ئەوئافرەتەی کەڕۆژی زیاد لەجارێ بەڕووی خۆیا دەڕوانێ، خۆی بەشتێکی کەم بەهاو بێ بەخت دادەنێ ، ئەگەر ئەوجوانیەی کەپێی دەڤرسێنرێ ، ئەوجوانیەی پیاوان کەرەکیانە لەودا چنگ نەکەوێ .

ئەمەش وای لێ دەکات ، زۆرتر بڕوای بەخۆی نەمێنێ وخۆی بەلاوازو کەم توانا بێتە بەرچاو وهەست بەوە بکات کەناتوانێ بەم شێوە سروشتیەیەوە ئێکەڵاوی خەڵکی بکات .. بێ گومان ئەم جۆرە هەستەش لەئاکامی وون بوونی بڕواوە سەرهەڵدەدا ، ئنجا بەونیازەی ئەوبڕوا ززربووەی بگێڕێتەوە ، پەنا دەباتە بەر شاردنەوەی سروشتی دەم و چاوی و خۆی لەتەم و مژی دیکۆرو خۆ ڕازاندنەوەدا وون دەکات . بەڵگەش بۆ بڕوا بەخۆ نەمانی ئەو جۆرە ئافرەتانە ئەوچینە کرێم و سوورو سپی و جۆرەها دەرمانەی تری وەك ( سوان ) و ( چانستیك ) و ( ماسکارا ) ودەیان ناوی

ئەمانە سەیرترە کەدەمو چاوی خۆیانی پێ سواخ دەدەنو ڕاستی خۆیان پێ دەشارنەوە . وادەزانن بەم شێوەیە دەتوانن بڕوای ووون بووی خۆیان بگێڕنەوە ، . وادەزانن بەم شێوەیـە دەتوانن چاو بەستەکێ هەتا لەوکەسانەش بکەن کەدەبنە هاوسەری ئەمەنیان . نازانن بەمە زیاتر پەلیقەی دواکەوتنو چەوسانەوەدا ڕۆدەچـنو پتر دەبن بە بووکە شووشەو هۆی ڕابواردنی پیاوان ، ئەوپیاوانەی کەوێلی دوای ڕابواردنن ، . سەرەڕای ئەمانەش هێنـدەی تر لە ڕاستیو لەخۆشەویستی ڕاستەقینەش دوور دەکەونەوە .

د . هاریون هیلیارد . پسپور لەنەخۆشـی ئافرەتاندا ، دەڵێ ( ئەوئافرەتەی کەزۆر بایەخ بـەڕووخساری خۆی دەدات ، بـۆ ئەوەی جوانیەکەی هەموو شتێکی بێ ، بێ ئەوەی پەرە بەناوەرۆکی خۆی بدات ، لەڕاستیدا ئەوئافرەتە لەهەموو ئافـــرەتێ نەدارو کلۆل ترە ) «١»

کەئەمانە دەڵێین ، مەبەستمان ئەوە نیە کەبـەجارێ جوانیو خۆجوانکردن وەلانێین ، نەخێر لەگەڵ ئەوەدام کە پێویستی خۆ جوانکردن پێویستییەکی سروشتییە لومرۆڤدا . بەلام لەم دۆخە نالەبارەی کەئێمەی کوردیتێدا دەژین ، ئەم پێویستیە بووە بـە شێوەیەکی ترسناک لەشێوەکانی زەوت کردنی تواناو بیری ئافرەتو

---

(١) الموسوعة الطبية ـ كيف نطرد المرض من بيتك ـ ل١٧٤

دوورخستنەوەی لەو چالاکیانەی کەپێویستی بەتواناو کاتی پترەهەیە .

جگە لەمانەش ، هەموو کاتێ ئەم جۆرە جوانیە دەستکردانە بەئاشکرا دەرکا لەسەر دروست بوونی خۆشەویستی ڕاستەقینە کاڵە دەدەن . چونکە هەر کەسێ بناغەی پتەوی خۆشەویستیەکەی جوانی دڵبەرەکەی بێو جوانیەکەش جوانیەکی دروست کراوبێ ، هەرکاتێ یەکێکی لەوجوانتری بەرپەل کەوت ئەوا بەئاسانی مێشی نەکریسی دڵی بەرەو ئەو جوانترە هەڵدەفڕێ ، یان هەرکاتێ ئەو جوان پەرستە ، ڕاستی جوانیە دەستکـــردەکەی بۆدەرکەوت و تێگەیشت کەئەو جوانیەی ئەم بەدوایدا عەودالە ( ویلە ) لەما نیە ، ئەوکاتە زۆر نزیکە کە کۆتایەکی لەپڕ هەنگاوی جیا بوونەوەیان پێ بنێ .

دەتوانین بڵێین ئەوئافرەتەی ، بۆئەم مەبەستە خۆ جوان دەکات ئەوە مرۆڤێکی کەم تواناو بێ بڕواو ترسنۆکە ، هەتا دەلوێ بە مرۆڤێکی هەل خلەتێنەریشی لەقەڵەم بدەین .

ئەوکورەش ئەنها لەپێناوی جوانیا کچێکی خۆش دەوێ و جوانی دەکاتە ستوونی خۆشەویستیەکەی ، ئەوە مرۆڤێکی ڕاراو پێنەگەیشتوو وخۆپەرستەو ناتوانێ ڕەنگی پاشەڕۆژێکی بەختیار بڕێژێ .

مرۆڤ ئەوکاتە دەتوانێ هەوڵی دروست کـردنی خۆشەویستی

ڕاستەقینە بدات کەتوانی لەزەڕەبینی بیرو هۆشیەوە بڕوانێتە -
خۆشەویستی ، نەك تەنها دوای سۆزو بریقو باقی دەرەوە کەوێ
وخۆی لەجیهانی ناوەوە گێل کات .

گڕی خۆشەویستی ڕاستەقینەش دڵی مرۆڤ گەرم ناکاتەوە
هەتا ئەومرۆڤە خۆی خاوەنی خۆی نەبێت و خاوەنی سۆزو دەروونو
بیرێکی پێگەیشتوو نەبێ . هەر لەبەر پێنەگەیشتنی سۆزو بیرو
دەروونیشە ، زۆر لەزاناکان دان بەڕاستی خۆشەویستی پلەی
هەرزەکاریدا نانێن .

مرۆڤی ڕووال ڕێك لەو درەختە ساوایە دەچێ کە ناتوانێ
بەری قورس بگرێ ، ئەگەر گرتیشی ئەوا بەرەکە دەیتە هۆی
چەمینەوەی لقو پۆپەکانی ، جگە لەوەش هەر بەگزەبایەك هەموو
( بەر ) ێکی ئاوا دەوەرێ .

درەخت ، درەختێکی خۆڕاگرتوو نەبێ ، ڕەگەکانی بەقووڵایی
خاکا نەباتە خوارێ ، ناتوانێ بەرەنگاری ڕەشەبای بەهێزبکات .

قۆناخی هەرزەکاری ، یەکێکە لەقۆناخە هەرە گرنگو ترسنا
کەکانی ژیانی مرۆڤ . هەرزەکار لەگەل ئەوەشا منـــال نیە ،
ناشتوانرێ بەمرۆڤێکی پێگەیشتوو لەقەلەم بدرێ . . دەتوانین بلێین
قۆناخی هەرزەکاری وەك پردێك وایە لەنێوانی قۆناخی مندالو
قۆناخی پێگەیشتن دا .

ووشەی ڕووال ( هەرزەکار ) - ADOLESEENCE - لە فرمانێکی لاتینی وەرگیراوەو مانای گواستنەوە بەرەوپێگەیشتن دەدات .

لەم قۆناخەی تەمەندا ، زۆربەی ئەندامەکانی لەش پێ گەیشتوو نین ، جا بۆیەشە زۆربەی هـەرە زۆری ئەوانەی لەم تەمەنەدا دەگلێنە ناو ڕووباری ( ئەوین ) ، وە مەگەر چلۆنها ، دەنا سەر کەوتن وە دەست ناهێنن .

خۆشەویستیش لەم تەمەنەدا ، وەك هەموو شتەکانی تر ناکاملە وزیاتر لەئەنجامی هەلچوونێـــکی - سێکس - ی کاتیەوە سەر هەلدەدا . هەرزەکار لەکەسێکی برسی دەچێ کەچـــۆن لەکاتی برسیەتیدا گوێ بەجۆری ئەوخواردنە نادات کەدێتە بەردەمی ، بەلکو تەنها مەبەستی زگ ( گەدە ) پڕ کردنو تێربوونە .
هەرزەکاریش بەهەمان چەشن گوێ بەجۆری ئەوکەسە نادات کە پەیوەندی لەگەلدا دەبەستێ چونکە برسی‌یە . لەم تەمەنەدا بانگ تەنها بانگی لەشەو لایەنەکانی بیرو تواناو دەروون هەر بیریان لێ ناکرێتەوە ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بـــۆئەوەی کە سۆزو سەرنـج ڕاکێشان ( العاطفة والاعجاب ) لەهەموو شتێ زالترن .

زۆرجار هەرزەکار ، ئەوکەسەی سەرنجی ڕادەکێشێ ، ئەگەر هاتو کەمو کوڕیو ناتەواوی‌و خراپیشی هەبوو ، لای ئەم دەبێ بەچاکەو دەشێ هەتا کەمو کوڕی‌و ناتەواویەکانیشی هەرخۆش بوێ .

ئنجا بەدەمەوە چوونی بانگی لەش ، لەم تەمەنەدا زۆربەی جارەکان مرۆڤ تووشی دەردە سەریو لادان دەکات ، لادانیش لەم تەمەنەدا دەبێتە تەگەرە لەڕێی گەشە کردنو پێگەیشتنی بیرو دەروونو توانای مرۆڤ .

ئەوەی لەم تەمەنەدا تێوە دەگلێو دوای چەند هەولێك سەر کەوتن وەدەست ناهێنێ ، دەلوێ ئەم سەرنەکەوتنەی تۆوی جۆرە بێزاریو پەستییەکی زۆری لەدەروونیدا بڕوێنێ وتووشی خۆخواردنەوەیەکی کاتی بکات ، بەڵام زۆربەی جارەکان تەمەنی ئەم بێزاریو خۆخواردنەوەیە ـ بەتایبەتی لای کوڕان ـ ئەوەندە ناخایەنێو دوای ماوەیەکی کەم هەوری پەستیو بێزاریەکانیەکەی دەڕەوێو دووریش نیە تێڕوانینیشی بەتەواوەتی بەرامبەر بەبەشەکەی تری کۆمەڵ بگۆڕێت . لەوانەیە ئەمجارەیان هەوڵی ئەوە بدات چۆن بتوانێ زۆر ترین ژمارە بخلەتێنێ ، بۆئەوەی هەر هیچ نەبێ تۆڵەی خۆی لەوی تر بکاتەوە .

بێگومان بەمەش زیاتر ڕێی بەردەم لادان ئاوەڵە دەبێ . . ئینجا بۆئەوەی تا ئەندازەیەك بتوانین لەمەڵەی ئەم قۆناغە قوتار ببین ، باشتر وایە ئەوهەنگاوانەی بەرەو کەناری ڕووباری خۆشەویستی دەنرێن لەدوای ئەم تەمەنەوە دەست پێ بکەن .

سەرەتای ئەم هەنگاوانانو دەست پێکردنەش بەگوێرەی

هەڵوێست و توانای مرۆڤ و کارتێکردنی دەورو پشت دەگۆڕێ .

لای هەندێ کەس ئەو بەدۆزە کۆنەی کەلەنێگایەک و سلاوێکەوە دەست پێدەکات تائێستەش هەر لەبرشت نەکەوتووەو بەردەوام کاری خۆی دەکات . ئەم ڕایەش زۆر لەو ڕایەی ڤیکتۆر هیگۆ دەچێ کەدەڵێ ( ستەمە دان بەوەدا بنێین کەخۆشەویستی لەنێوان دوو کەسا لەئەنجامی یەکەم نێگـــاوە دروست دەبێ ، کەچی لەگەڵ ئەوەشا خۆ یەکەم نێگا تاکە ڕێبازی خۆشەویستی یە وهیچ ڕێبازێکی دی نیە . ) (١)

لاریم لەوە نیە کەجاری وا هەبێ ، یەکەم نێگا کاری گەورەبێ بەڵام بەدووری دەزانم کەتاکە ڕێبازی خۆشەویستی تەنها یەکەم نێگا بێ و هیچ ڕێبازێکی دی نەبێ . با ( چاو ) مەڵبەندی سەرنج وهەست و بینین و هەندێ شتی تریش بێ ، بەڵام ناتوانێ هەمووشتێ بێ ، هەرگیز بڕوا ناکەم کێشوەری دڵ هەروا بەئاسانی لە نەخشەی چاوا بدۆزرێتەوە .

ئێمە ووتمان مەرجی سەرەکی لەخۆشەویستی دا وویکچوونە ، یەکسانی یە ، گونجانی بیرو باوەڕو توانای دەروونە .. هتد .

ئنجا چۆن دەکرێ لەیەکەم نێگـــادا ئەم هەمــوو شتانە لە پێشانگای چاودا هەڵبسەنگێنەدرێن .

---

(١) ڤان ـأـ دیڤلید ـ الزواج المثالی ل٥٦

دوور نیە ئەوخۆشەویستی‌یەی یەکەم نیگا تاکە ڕێبازی لەدایک بوونیەتی زۆر جار مرۆڤ تووشی چەرمەسەری‌وو ماندو بوون بکات ، ئەمەش دوای ئەوەی کەزانی وبۆی دەرکەوت کە ئەو کەسەی ئەم بەشوێنیا دەگەڕا ئەو نیە .

دەبوایە لەباتی یەکەم نیگا تێکەڵاو بوون بەباشترین ڕێباز دابنرایە ، چونکە بەتێکەڵاو بوون نەبێ ، مـرۆڤ توانای خۆ دۆزینەوەو دۆزینەوەی تەواو کەرەکەی خۆی نابێ .

ئنجا چۆنیەتی تێکەڵاو بوونەکەش ، خۆشەویستی‌یەکەش بە شوێنیا ، لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر ، بگرە هەتا لە چینێکەوە بۆچینێکی کەش بەگۆڕانی باری ڕامیاری‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و ڕۆشنبیری ، دەگۆڕێ .

لەکۆمەڵگایەکی دەرەبەگایەتیدا ، یان سەرمایەداری‌داو هەتا لەناو چینێکی بورژواشدا مەرج نیە تێکەڵاو بوون ژینگەیەکی لەباری سەرهەڵدانی خۆشەویستی ڕاستەقینەبێ ، چونکە پەیوەندیە کۆنەکان ( دەرەبەگایەتی‌و بورژوایی‌یەکان ) هەردەمێنن‌و ئافرەتیش لەوێدا ناتوانێ لەپەیوەندی بازرگانیەتی قوتاری ببێ وناتوانێ وەک مرۆڤێکی سەربەخۆ بجوڵێتەوەو ڕەفتـار لەگەڵ خودی خۆی‌و خەڵکی ترا بکات .

ئنجا لەناوچوونی ئەو کۆمەڵگایەو لەگۆڕانی پەیوەندیە کۆنەکا-

ئیشیان لەگەڵیاندا و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی نوێی سۆشیالیستی مافی ئەوەمان دەدا ئەگەر لە لەدایک بوونی یەکەمیشماندا سەربەستی بوونمان نەبووبێ ، لە لەدایک بوونی دووەمدا ـ کە لەدایک بوونی خۆشەویستی ڕاستەقینەیە ـ هەمان بێت .

بێ گومان وەدی هێنانی ئەم ئاواتەش خەباتی گەرەکە. بۆئەمەش دەبێ مرۆڤ ڕێبواری ڕێبازی بیرو باوەڕێکی پێشکەوتوو خواز بێ . بیرو باوەڕێ کە بتوانێ ئەم ئاواتە بێنێتە دی و لە سێبەریا مرۆڤ بکاتە سەربەستی و یەکسانی .

بەلای منەوە بیرو باوەڕ تا بڵێی مەزنە ، ئەو مرۆڤەش کە هەڵگری بیرو باوەڕێکی پێشکەوتوو خوازو مرۆڤانە بێت ، ئاسان تر دەتوانێ خۆی لەکۆڵی ئەو نەریت و پێوەندە کۆنانەی ڕژێمی دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری دەرباز کات کە ڕێ لە هەموو پێشکەوتنێکی مرۆڤایەتی دەگرن ، من بەش بەحاڵی خۆم ئەو خۆشەویستییەم لاپەسەندە کە لە ئەنجامی یەک گەوتنی بیروباوەڕەوە سەر هەڵدەدات . چونکە بیرو باوەڕ کاردەکاتە سەر تێکڕای هەڵویست و هەڵس و کەوت و جووڵانەوەی مرۆڤ .

ئەگەرچی مەسەلەی چینایەتی کارێکی گەورە دەکاتە سەر چۆنیەتی ئەو پەیوەندیەی لە نێوان ( کورو کچ ) دا دروست دەبێ بەوەی کە جیاوازی چینایەتی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی جیاوازی

گەورەتر لەئەریتو هەلویستو رەوشتو ئارەزووەدا . بەلام ئێرەدا هەر بیرو باوەڕەکە دەورێکی کاریگەر تر دەبینێ ، چونکە مەرج نیە هەموو کەسێ چا کچ بێ یان کوڕ نوسخەیەکی بەکاربۆن دەرکراوی ئەوچینەبێ کەلێیەوە هاتووە . ، هەیە لە چینێکی بورژواوە هاتوەو کەچی خۆی هەلگری بیرو باوەڕی پرۆلیتاریایەو لەپێناوی ئەوان دا خەبات دەکات . . کەچی لەهەمان کاتیشا هەیە لەچینێکی هەژارو چەوساوەیە ، بەلام ڕستی بیرو باوەڕێکی بۆگەنی لەمل دایە .

دەتوانین هەرهەمان شتیش لەگەل هەندێ وورده جیاوازی دا دەربارەی خۆشەویستیو جیاوازی نەتەوایەتی بلێین ، هەرچەندە بوونی خۆشەویستی لەنێوانی کوڕو کچێکا کەهەریەکەیان لە نەتەوەیەکی جیاو بەزۆر پێکەوە لکێندراوبن لەکۆمەلگای ئێمەدا شتێکی ئاسایی نیە .

ئەویش دەگەڕێتەوە بۆگەلێ هۆی ڕامیاریو کۆمەلایەتیو . . هتد ، باڵەوەش بلێین کەجیاوازی تەمەنیش بەگوێرەی خۆی کار دەکاتە سەر ئەم پەیوەندیە . بەتایبەتی ئەگەر جیاوازیەکە زۆر بێت ، دەبێتە هۆی بوونی جیاوازی زۆر تر لەپلەی پێگەیشتنو ئارەزوو وهەندێ شتی تریشا . بەکورتی تاجیـاوازی لەنێوانیا کەمتر بێ ، دروست بوونی خۆشەویستی ڕاستەقینەش ئاسانتر دەبێ .

ڕەنگە زۆر جار لە کۆمەڵگاکەماندا ببینین ، ئەوپەیوەندی یەی کوڕو کچێك بەیەکەوە دەبەستێ نەگاتە ئەنجام ، دەڵوێ ئەمەش بەهۆی نەبوونی یەکسانیو نەگەیشتنـە گەلێ خاڵی ترەوە بێ کە خۆشەویستیان لەسەر دادەمەزرێ .

ڕەنگە جاری واهەبێ تێکچوون بنیان نەربێ ، ئەویش دوای چارەسەر کردنی هۆی ناکۆکیەکانی نێوانیـان . بۆیـە گەرەکە مرۆڤ توانای زۆری بەکاربێنێ بۆئەوەی جیابوونەوە ڕوونەدات، چونکە جیابوونەوە هەروەکو ( ڕیمی ویفۆرمۆن ) دەڵێ (دۆزەخە وپێویستە دەرگای لەسەر نەکەینەوە )

خۆئەگەر تێك چوون ڕووی داو نەشتوانرا بکەنە چارەسەر ، ئەوا جیابوونەوە شتێکی ئاسایی یە ، هەروەکو نوسەرێکی ئینگلیزی دەڵێ ( باشترین وەخت بۆ تەلاق دان کاتی دەزگیرانەتی یە )

هەرچەندە جیابوونەوە تاڵە . بەلام هەرچۆنێ بێ ، تاڵی یەکی کانی باشترە لەوەی کە هەموو ژیانیان بەتاڵیو ناکۆکی بەرەو کۆتایی بەرن .

خۆ ئەگەر لەسەرەتاوە ئەقڵ لەهەڵبژاردنا دەوری سەرەکی ببینێو زۆر پەلەو بۆسۆزو سەرنج ڕاکێشان شل نەکرێ ، ڕەنگە ئاکامی بەجیابوونەوە نەگات .

بەلام لەم کۆمەڵگا داخراوەی ئێمەدا ، بچڕانو سەرنەگرتی

یەکەم پەیوەندی شتێکی ئاساییە ، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کەئەمە وەك یەکەم ئاقی کردنەوە وایە بۆ شـارەزا بوونی ئافرەت لەپیاوو پیاو لەئافرەت . .

لەکۆتاییدا ئەوە دووپات دەکەمەوە ، کەلەمەلو مەرجـــی ئەمڕۆی کۆمەڵگای ئێمەدا ، پیرۆزی خۆشەویستی لەمەدایـە کە دەتوانرێ بکرێ بەهۆیەك لەهۆکانی تێکـــۆشانو جگە لەمەش دروستکەری ژینگەیەکی لەباریشە بۆمنداڵانی دوا ڕۆژ .

کۆتـایی

# سەرچاوەکان

ئەو سەرچاوانەی لە پەراوێزدا ناویان نەهاتووە ئەمانەن :


١ — انجلز . . أصل العائلة والملكية الخاصة والدولة .

٢ — شيلا روبثهام ( وەرگێڕانی جۆرج طرابیشی ) الثورة وتحرر المرأة .

٣ — غازی الخلیلی . . الثورة الفلسطينية والمرأة .

٤ — د . نوال السعداوی . . المرأة والجنس .

٥ — د . ذكريا ابراهيم . . مشكلة الحب .

٦ — گۆڤاری الهدف ـ ژمارە ( ١٨٧ ، ١٨٨ ، ٣٠١ )

٧ — یەك دوو سەرچاوەی تریش .

| راست | هەڵە | دێر | لاپەڕە |
|---|---|---|---|
| بێ چین دا | چینی دا | ١٢ | ١٠ |
| چەوساوەکانە | چەوساوەکان | ١١ | ١١ |
| چەوسانەوە | چەوساوە | ٧ | ١٨ |
| جینز کراتیە | جیب نۆ کراتیە | ٢ | ١٩ |
| ئافرەت و پیاوە | ئافرەت و | ١٩ | ٢٣ |
| سەربکا | سەری بکا | ٥ | ٤٤ |
| ناخەنە سەر | بخەنە سەر | ٨ | ٥٧ |
| بڕوای | تا بڕوای | ٣ | ٦٤ |
| ساختەکانیش | ساختەکانیشی | ٧ | ٧٨ |
| ئافرەت و پیاو | ئافرەت و | ١٥ | ٨٤ |
| ئەوتاوانەی | ئەوتاوانە | ٦ | ٨٥ |
| تا ئاوا | قا ئاوا | ١١ | ٨٥ |
| یەکسانی دا | یەکسان دا | ٨ | ٨٧ |
| هەشیەتی | هەمیشەتی | ٧ | ٨٩ |
| پاانستیك | پیانستیك | ١٩ | ٩٠ |
| کوردی | کورد | ١٧ | ٩١ |

هەروەها (لمحة تاريخية عن تطور المجتمع) هەڵەیەو ڕاستیە کەی (لمحة عن تطور المجتمع منذ بدء التاريخ) .

# سوپاسی گەرم بۆ

* مامۆستای هونەرمەند عەلی جۆلا کەوێنەی بەرگەکەی بۆ کێشام
* مامۆستای ئەدیب ئەحمەد قاقانە بۆ خەتە جوانەکەی .
* یەکێتی نوسەرانی کورد ، کە ( ٢٠٠ ) دینـاریان بەقەرز دامێ بۆ چاپ .
* کرێکارانی چاپخانەی ڕاپەڕین بەتایبەتی کاک ئەحمەدی ژیێ وهەموو ئەو برادەرانەشی کەماندو بوون لەگەل لەچاپ دانی ئەم بەرهەمەدا .



ـمن ئافرەتێکی گوڵ ڕەنگم
ـان بەشانی پیاو دەبەنگم
ـێشتم لە ژێر ،
ـاری ڕق هەردووکمانا.. دەناڵێنێ
ـەندیخانە خوێندگامەو ،..
ـگیراوەکانیش هاوڕێمن
ـشیر ) منالّمەو.. ( تفەنگیش ) مێرد
کە شەهیدێکی ئێمەس ..

نرخی ٤٠٠ فلسە

لە کتێبخانەی نیشتیمانیدا ژمارە
٧١٩ ـ ساڵی ١٩٧٩ ی دراوەتێ